گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی پ ک ک لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان به پێی تیۆری باری بۆزان

**پ. د. صالح عمر عیسی**
به شی زانسته سیاسییەکان، کولیژی زانسته سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هه ولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق
**salih.issa@su.edu.krd**

**حیدر یاسین محمد**
به شی زانسته سیاسییەکان، کولیژی زانسته سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هه ولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق
**hayder.mohammed@su.edu.krd**

**زانیاریەکانی توێژینەوە**
**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١١/١٤
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/١/٣٠
**بڵاوکردنەوە:**زستان٢٠٢٣
**ووشە سەرەکییەکان**
*National Security, Copenhagen, KRG Government, PDK, PKK*
**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.10

**پوختە**

پارتی کرێکارانی کوردستان (پ. ک. ک.) لە کۆمەڵێک رەهەندی جۆراجۆرەوە، کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان داناوە؛ بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی درووستمان لەسەر ئەم بابەتە هەبێت، کەڵکمان لە تیۆری باری بۆزان، سەبارەت بە ئەمنیەت، وەرگرتووە، کە لەو بڕوایەدایە، گۆڕانکارییەکانی پاش شەڕی سارد و چەندین هەلومەرجی بابەتی دیکە، کارێکی وایان کردوە، کە چیتر بۆ لێکدانەوە، ئاسایشی تاکڕەهەند بە بەسوود نابینێت؛ بەپێچەوانەوە، دەبێ بە شێوەیەکی فرەڕهەندانە چاو لە ئاسایش بکرێت؛ بۆیە چەمکی ئاسایشی فرەڕەهەندیان داهێنا و پێداگریان لەسەر ئەوە کرد، کە ئاسایشی سەربازی بە تەنیا بە واتای ئاسایش نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە چوار رەهەندی تری وەک سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییش، لەم کایەیەدا هەن و پێویستە سەرنجیان بخرێتەسەر. گرنگی و

ئامانجی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ بواری ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە وەک کیانێک لە هەوڵی بەدیهێنانی ئاسایش بۆ هاوڵاتییانە. بۆیە لێرەدا بە پێی میتۆدی وەسفی - شیکاری، پرسی سەرەکی توێژینەوەکە دەوروژێنین، کە ئەویش لەو پرسیارەدا خۆی دەبینێتەوە، پەکەکە چ کاریگەرییەکی لە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە؟ دەکرێت بەمجۆرە وەڵام بدەینەوە، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی هاتنەکایەی هەرێمی کوردستان تاکوو ئەمڕۆ، پەکەکە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ئاسایشی سەربازی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان داناوە.

## پێشەکی:

ڕۆژانە لە میدیا و لە زاری کاربەدەستانی حکومەتەوە، گوێمان لە بابەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەبێت. بابەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە زۆر ڕەهەندەوە سەرنجی دەخرێتەسەر؛ لە هەموو ئەم ڕەهەندانەدا، ناوەڕۆکی باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پاراستن و بەدیهێنانی ئاسایشی هەرێم، بابەتێکی گرنگ و هەستیارە. بۆ ئەم مەبەستە، نەک تەنیا حکومەت، بەڵکوو هەموو تاکێکی نیشتەجێی هەرێم بەرپرسیارن. ئەم پرسە بە رادەیەک زەق بووەتەوە، کە هەموو بوارەکانی ژیانی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەم واتایە، کە لە هاتنەئارای هەر بابەتێکدا، وەکو مەترسی یان دەرفەت، پەنجە دەخرێتە سەر ئاسایشی هەرێم.

جیا لە هۆکارە ناوخۆییەکان، پرسی ئاسایشی هەرێم، زۆرترین کاریگەری لە ئەکتەرەکانی دەرەوەی هەرێم، بە مانای پاراستن و بە مانای کەوتنە ژێر مەترسییەوە، وەردەگرێت؛ بۆ نمونە، بوونی هێز یان هاوپەیمانی دژی داعش، وەک فاکتەرێک لە ئاسایشی هەرێمدا باسی لەسەر دەکرێت؛ لە هەمانکاتدا هەبوون یان نزیکبوونەوەی حەشدی شەعبی لە هەرێم، وەک مەترسی ناودەبرێت. لە لایەکی ترەوە، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، لە دەروازەی ئابوورییەوە، وەک مەترسی دێتە ئەژمار. هەموو ئەمانە ئەو راستییەمان بۆ دەخەنەبەرچاو، کە چەندە پرسی ئاسایشی وڵات یان هەرێمێک، دەتوانێت ئاڵۆز بێت و، چەندە دەتوانێت ڕەهەند و لایەنی جۆراوجۆری لێبکەوێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێک لەو هۆکارانەی، کە لە بواری ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی هەرێمدا کاریگەری هەیە، پارتی کرێکارانی کوردستانە. ئەم پارتە کە بۆ زیاتر لە چوار دەیەیە لە سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و باکووری کوردستاندا چالاکە، هەر لە سەردەمی هاتنەکایەی هەرێمی کوردستان لەساڵی (١٩٩٢) ەوە، هەمیشە بابەتێکی هەستیاری پەیوەست بە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێم و، پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، بووە. بۆیە لە سەردەمی سەرهەڵدانی حکومەتی هەرێمەوە، ئەم هۆکارە لە وێستگەی جیاوازدا ، وەکو: مەترسی، هەڕەشە، دەرفەت و بەریەککەوتن، کاری کردووەتە سەر ئاسایشی هەرێم.

پەکەکە پارتێکی کوردستانییە و، لە وێنایەکی سادەدا شیمانەی ئەوە دەکرێ، کە زیاتر وەک هاوکار و هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان سەیر بکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا، جۆری پەیوەندییەکانی هەرێم و پەکەکە، قەت بە ئاڕاستەی هاوکاری و هاوپەیمانی نەبووە؛ بەڵکوو زیاتر بەریەککەوتن بووە. جۆری تێکەڵاوی پەکەکە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کۆمەڵە ڕەهەندێک دەگرێتە خۆی، وەک: سەربازی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی. لە ئاستی سەربازیدا، بەشێک لە کیانی هەرێم لەژێر دەستێوەردانەکانی ئەم پارتەدایە؛ بۆ نمونە دەستێوەردان لە پرسی شنگال یان پەلکێشکردنی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان و..... هتد. لە ئاستی سیاسیدا، پەکەکە لە هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمدا، لە نێوان دوو هێزی سەرەکیدا، واتە پارتی و یەکێتی، گەمە دەکات و وەک ئامێرێک لە خزمەت کۆماری ئیسلامیدایە و، لە لایەکی تریشەوە لە هەوڵی گۆڕینی چەمکە گرنگە سیاسییەکانی نەتەوەی کوردە. لە ئاستی ئابووریشدا، دەبێتە مەترسی بۆ لولە نەوتییەکان و سیستەمی وەبەرهێنان. لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانییەوە، هەوڵدەدات نەوەیەکی نوێ لە هەرێمی کوردستان درووست بکات و، دواجار لە باری ژینگەییشەوە، پەکەکە بە هەنگاوە سەربازییەکانی، بووەتە مەترسی بۆ سەر دارستان و ئاوەکانی هەرێمی کوردستان. بە گشتی لەم توێژینەوەدا، هەوڵدەدەین پرسی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان بورووژێنین، کە تا چەند لە ڕێگەی پەکەکەوە دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە؟

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە پرسی ئاسایش دەتوانێت ببێتە پاسەوانێکی بەهێز بۆ سەر ناسیونالیزمی کوردی و کیانی کوردی، کە لە ئێستادا، هەرێمی کوردستان بەرجەستەی دەکات. لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕاستیدا، ئاسایش دەتوانێت یەکگرتوویيەکی پتەو لە ناو ماڵی کوردیدا سازبکات و دوژمنانی کورد، چ لە ناوخۆ و چ لە ئاستی ناوچەییدا، تەریک بخات؛ بۆیە ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت وەک هێڵێکی سووری ستراتیژێکی مەزنی لێ بێ، تا وێڕای ئەم خاڵە ئاماژەپێدراوانە، ببێتە یارمەتیدەرێکی بەهێز بۆ حەسانەوە و پێشکەوتنی خەڵکی کوردستان لەرووی پیشەیی و کشتوکاڵی و ..... هتد ەوە.

ئامانجی توێژینەوە: لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدرێت، بە لەبەرچاوگرتنی مەترسی و هەڕەشەکانی پەکەکە بۆ سەر حکومەتی هەرێم، کۆمەڵێک پێشنیار بۆ دەسەڵاتدارنی هەرێمی کوردستان پێشکەشبکرێن، تا مەترسییەکانی پەکەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان کەمبکرێنەوە.

پرسیاری توێژینەوە: پەکەکە چ کاریگەرییەکی لە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیە؟ گریمانە: پەکەکە لە بوارەکانی سەربازی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەیی، کاریگەری نەرێنی لەسەر بارودۆخی ئەمنی هەرێمی کوردستان هەبووە. بەشێک لە خاکی هەرێمی کوردستان، کە پەکەکەی تێدا جێگیرە، لە خەڵکی ئاسایی و خۆجێیی چۆڵکراوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر کشتوکاڵ و ئابووری هەرێمی کوردستان داناوە و خەڵکەکە رووبان لە شارەکان کردووە. سەرەرای ئەمانەش، بوونەتە بیانوویەک تا سوپای تورکیا بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و، سنوورەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران یا مینرێژ بکات. زۆرجاریش کێشەی جۆراجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتییان بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، کە لەو توێژینەوەیەدا بە وردی دەیانخەینەڕوو.

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەدا، کەڵک لە میتۆدی (وەسفی- شیکاری) وەرگیراوە، کە تێیدا سەرەتا داتاکان بە شێوەی گەڕانی پەرتوکخانەیی و پشکنینی گۆڤارە زانستییەکان و پاشان چاوپێکەوتن لەگەڵ هێندێک دامودەزگای پەیوەندیدار بە ئاسایشی نەتەوەیی، کۆکراونەتەوە و، دواتریش لەسەر بنەمای تیۆری باری بۆزان، شیکراونەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-دابەشکردنی ئاسایش لە ڕوانگەی باری بۆزان

### 1- ئاسایشی سەربازی:

بەئەمنیبوون لە بەشی سەربازییدا، بەهۆی دۆخی تایبەتی سیستەمی نێودەوڵەتی، خاوەن پلە و پێگەیەکی بەرزە؛ دیارە باری بۆزان پێیوانییە، کە لەم بەشەدا، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ سەر پۆلێنی ئاسایش؛ ئەمە وێڕای ئەوەی لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە لە دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا (پێشمودێرن، مودێرن، پاشمودێرن)، بابەتگەلی ئەمنی و ئەکتەرە ئەمنییەکان، لەگەڵ یەکدا جیاوازن. بەم پێیە، لە هەندێک لە دەوڵەتەکاندا، زۆربەی ئەرکە سەربازییەکان ئەمنی نیین. لە بەشی سەربازیدا، دەوڵەت هێشتا گرنگترین بابەتی ئاسایشە و، دەستەبژێرە دەسەڵاتدارەکان، گرنگترین ئەکتەرەکانی ئاسایشن؛ هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە دەوڵەت بە بەراورد لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا، سەرچاوەی سەربازی زیاتری لە خزمەتدایە و، دەستەبژیرە دەسەڵاتدارەکان لە باری دەستووری و سیاسیدا، وەک بەرپرسانی سەرەکی مافی ڕەوای بەکارهێنانی دەسەڵات، چ لە ناوخۆ وچ لە دەرەوەی دەسەڵات، دێنە ئەژمار. لەم بەشەدا، کاروباری ئاسایشی سەربازی، لە ئەستۆی دەوڵەتدایە، بەڵام بەو مانایە نییە کە لەم بوارەدا ئەکتەرەکانی تر دەکەونە پەراوێزەوە.

دەوڵەت، وەک تاکە بابەتی ڕەوا بۆ ئاسایشی سەربازی ڕەچاودەکرێت؛ بەڵام باری بۆزان دژ بەو ڕوانگەیەیە، کە ناوەڕۆک و سرووشتی خوێندنەوەی ئەمنی، لەسەر شەڕ و ململانێ، دەستنیشان بکات؛ بەڵکو سەرقاڵی تاوتوێکردنی ئەو دیاردە و بابەتگەلەیە، کە خاوەن تایبەتمەندی نزیک بە شەڕە (بوزان، ١٣٨٦، ص،٧٤). لەمڕووەوە دەکرێت بگەین بەو دەرەنجامە، کە ئامانجی سەرچاوەی ئاسایش لە بەشی سەربازییدا، دەوڵەتە؛ چونکە بوونی هەڕەشە لەبەر سرووشتی دەوڵەتە. بەڵام چەند ڕەخنەیەک لەسەر ئەم پرەنسیپە لە ئارادان: ئەلف) زۆربەی ئەم دەوڵەتانە (دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان)، لە دوای شەڕی سارد، هەڕشەی سەربازییان لەسەر نییە. بە پێچەوانەوە، بۆ ڕۆڵگێرانی خۆیان لە بوارە ئابووری و سیاسییەکاندا، سوود لە هێزە سەربازییەکانیان وەردەگرن. ب) لەو وڵاتانەی کە هێشتا دەوڵەت تێیاندا بیچمی نەگرتووە، یان ئەوەی کە دەوڵەت بەرەو لەناوچوونە، بوونی هەڕەشەی دەوڵەت مانای نییە. ج) پاراستنی حکومەت تەنیا لە ڕێگەی هێزەوە جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو کۆمەڵێک توخمی وەک ڕەوایەتی سیاسی و قەبووڵکردنی ئەم ڕەوایەتییە لە لایەن خەڵکەوە، گرنگن؛ باری بۆزان دەوڵەت بە تاکە بابەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایش، لە بەشی سەربازی، نازانێت، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەیە، یەکەم: زۆرێک لە دەوڵەتەکان نیشاندەری مودێلی نەتەوەیی نیین و تەنانەت ئەوانەیش کە نزیکی ئەم مودێلە دەبنەوە، هەموو توخمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆناگرن. دووەم، هەندێ لە پرسەکان، وەک: ئایین و ئایینزا (ئیسلامی سیاسی) بابەتێکی سەربازی نین. سێهەم، زۆرێک لەو یەکانەی کە خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتن، وەک: سەربەخۆییخوازان، شۆڕشگێڕان و .... هتد، کە ئاواتی دروستکردنی دەوڵەتیان هەیە، بابەتی ئاسایشی سەربازییان لە ناخدا حەشارداوە. لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین، زۆرێک لە پرسە بان نەتەوەیی و خوار نەتەوەییەکان (وەک یەکێتی ئەوروپا، ناتۆ، مافی مرۆڤ و هتد)، توانستی هەڵگرتنی ئەوەیان هەیە، کە لە بەشی سەربازیدا، جلی بابەتی سەربازی لەبەر بکەن؛ بۆیە ئەم بابەتە، بانگەشەی دەوڵەتی وێستڤالیای لەسەر ئەوەی، کە تاکە بابەت بۆ ئاسایش سەربازیبوونە، تووشی بۆشایی کردووە. لە کۆتاییدا دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێک ئەکتەر، جگە لە دەوڵەت، لە بەشی سەربازیدا بدەین؛ بۆ نموونە: تیرۆریستەکان، سوپا، دەزگا زانیارییەکان و هتد **( , Buzan) 2007, p.119**.

### 2-1 ئاسایشی کۆمەڵایەتی

ئەگەرچی لە پانتایی پرسی ئەمنیدا، ئاسایشی نەتەوەیی وەک پۆلێنێکی جێگیر و باو دەرکەوتووە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوە، وەک یەکەیەکی ئەمنی، کەمتر تیشکی خراوەتەسەر و، لەبەرامبەردا زیاتر باسەکان لە دەوری دەوڵەتدا دەسووڕێنەوە، کە ڕەهەندە سەربازی - سیاسییەکەی، زەقترە. بەشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ ئاسایشی سیاسیدا هەیە، کە چاودێری سەقامگیری ڕێکخراوەیی دەوڵەتەکانە؛ بەڵام لەگەڵیشیدا جیاوازە. گرنگبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، لەبەر کۆمەڵێک هۆکارە؛ یەکەم، ئەوەی کە سنووری دەوڵەتەکان و پانتایی کۆمەڵایەتی خەڵکەکەیان، کەمتر لەگەڵ یەکدا تەبایە و، دووەم، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێک لە خەڵکێکی یەکگرتووش پێکهاتبێت، بەڵام دەوڵەت و کۆمەڵگە دوو شتی جیاوازن **(**بوزان، ١٣٨٦، ص، ٤٠٥).

دەوڵەت بەپێی سەرزەوییەکی دیاریکراو و هەروەها ئەندامەکانی، بیچم دەگرێت؛ لە کاتێکدا نەتەوە دەتوانێت خاوەن چوارچێوەیەکی بچووکتر یان گەورەتر بێت. لە چوارچێوەی شیکاری ئاسایشی نێودەوڵەتی، توخمی سەرەکی کۆمەڵگە، هەمان ئەو ئەندێشە و بیروبۆچوونەیە، کە شوناس بە تاکەکان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتی، دەبەخشێت. کۆمەڵگە، لە شوناسەوە، واتە ئەو بۆچوونەی کە تاکەکان سەبارەت بە خۆیان هەیانە، بیچم دەگرێت. شوناس چەمکی ڕێکخەری بەشی کۆمەڵایەتییە و، ئاسایشی کۆمەڵایەتی چاودێری بە سەر شوناسدا دەکات؛ لە کاتێکیشدا کە نا ئەمنی پێکدێت، پێویستە ئەندامانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، لە سەر کۆمەڵە خاڵێکی هاوبەش، وەک مەترسی بۆ سەر خۆیان، ڕێک بکەون و هاوبەشییان هەبێ.

بەگشتی، بەپێی تاوتوێکردنی ڕوانگە و بۆچوونەکانی باری بۆزان، دەکرێت بگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە دوو هۆکاری بنەڕەتی لە گۆڕینی پرسی شوناسبەخش بۆ بوونی هەڕەشە و بەئەمنیکردن، ڕۆڵ دەگێرن: یەکەم، پرسی وێناکردنی خاوەندارانی شوناسە، لە سەر ئەوەی کە چەندە هەستیارن سەبارەت بە پرسەکان؛ بۆ نمونە لەوانەیە بۆ هەندێ لە شوناسەکان، کۆچکردن و ئاوێتەبوونی ڕەگەزی، گرنگ و وروووژێنەر بێت، تا ئەو ڕادەیەی کە ببێتە بابەتێکی ئەمنی**(McDonald,2008, pp, 563-587)**. دووەم، لە ڕوانگەی بۆزانەوە، کاتێک هەڕەشە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی بوونی هەڕەشە و مەترسی، ململانێ و ناکۆکی نێوان دەوڵەتەکانی لێدەکەوێتەوە. بە واتایەک، چەمکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی شوناسی بە کۆمەڵ و چالاکی پەسەندکراو، چاودێری پارێزگاری شوناسی بەکۆمەڵ دەکات و خۆی پێناسە دەکات. **(STONE,2009, pp,1-11)** گرنگترین و باوترین پرسگەلێک کە دەبنە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بریتین لە:

١- کۆچکردن: ئەم چەشنە هەڕەشە و مەترسییە، کاتێک خۆی نیشاندەدات، کە بە کۆچی بەربڵاوی خەڵکی وڵاتێک یان چەندین وڵات، خەڵکی ئەو وڵاتەی کە کۆچبەرەکان وەردەگرن، تووشی گۆڕانی شوناس دەبن؛ یان خاڵە هاوبەشەکانیان تووشی گۆڕان دەبن. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بە کۆچی ڕووسەکان بۆ ستۆنیا و گۆڕانکارییە شوناسییەکان لە ستونیا، بکەین. یان ئاماژە بە تەعریبکردنی خەڵکی کەرکوک و کۆچکردنی عەرەبەکان بۆ ئەم شارە بکەین.

٢- ڕکابەری ئاسۆیی: لە ململانێی ئاسۆییدا، خەڵکی وڵاتی مەبەست، بە کۆچکردنی خەڵکانی تر تووشی گۆڕینی شوناسی نابن. بەڵکوو کاریگەری کولتووری وڵاتانی تر لە وڵاتی مەبەستدا ئەوەندە زۆرە، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕ لە میتۆدی ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە. بۆ نمونە کاریگەری کولتووری ئەمریکی و بە گشتی جیهانی رۆژئاوا لە سەر وڵاتانی تر.

٣- ڕکابەری ستونی: کە بە هۆی جێبەجێکردنی پلانی یەکدەستکردنەوە ڕوودەدات؛ بۆ نموونە یۆگوسلاڤیای پێشوو و یەکێتیی ئەوروپا؛ یان جۆرێک پلانی سەربەخۆییخوازانەی وەک کوردەکان لە چوارپارچەی کوردستان، کە دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتێک تووشی ناکۆکی بکات، کە ئەمانە سەر بە کام شوناسن.

ئەم هەڕەشە و مەترسیگەلە کە ئاماژەیان پێدرا، دەکرێت بە پلان و بەرنامە بن ( بۆ نموونە هەوڵی ڕووسەکان بۆ بە ڕووسیکردنی ئاسیای ناوەندی و قەفقاز)، یان دەکرێت بێپلان و بێ بەرنامەبێت، واتە ئاسایی بێت، وەک کۆچکردن بۆ وڵاتانی تر بە مەبەستی ئابووری، یان هەڵاتن لە گووشارە ژینگەییەکان و یان کەڵکوەرگرتن لە ئازادی زیاتر لە وڵاتانێکی تردا..... .

بە گشتی بە بڕوای بۆزان، زۆربەی سنوورەکانی دەوڵەت و سنوورە کۆمەڵگەییەکان، هاوتەریب نین و، هەر ئەمەش گرنگی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەردەخات؛ بۆ نموونە کوردەکان. تەنانەت ئەگەر دەوڵەت و کۆمەڵگە هاوتەریبیش بن، بەڵام دوو بابەتی جیاوازن. چونکە دەوڵەت لەسەر بنەمای سنوور و خاکی جێگیر و ئەندامبوونی فەرمی راوەستاوە، بەڵام کۆمەڵگە زۆر ئالۆزتر و فرەرەهەندترە و لەوانەیە ئەندامبوون و یەکانگیریی کۆمەڵگە لە ئاستی خوار یاخود سەروو سنوورەکانەوە بێت. لە روانگەی بۆزانەوە، کۆمەڵگە لە سەر بەردەوامی ناسنامەکەیان راوەستاوە؛ بۆیە چەمکی ئاسایشی ناسنامە **(security identity)** دێتە ئاراوە (صالح عمر عیسی و پەرویز ڕەحیم قادر، ٢٠٢٠، أ ، ل، ٩٩-١٠٠).

گرنگترین بابەتەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، دەتوانن جیاواز بن؛ بەڵام لە سیستەمی جیهانی هاوچەرخدا، گرنگترین بابەتەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بریتین لە: عەشیرەتەکان، نەتەوەکان، شارستانییەتەکان، ئایینەکان و ڕەگەزەکان. بە سەرنجدان لەو بابەتەی کە شوناسێک یان زنجیرەیەکی ئەمنی، شوناسی خۆی چۆن پێناسە کردووە، هەڕەشە و مەترسییە کۆمەڵایەتییەکانیشان تووشی گۆڕان دەبن **(Buzan,1998, p,121** ).

### 3-1 ئاسایشی سیاسی

ئاسایشی سیاسی، چاودێری سەقامگیری رێکخراوەیی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانە. لە بەشی ئاسایشی سیاسیدا، ئایدیای سەرەکی باری بۆزان، دەسەڵاتداری و سەروەرییە، کە پێی دەڵێن ئایدۆلۆژی. لەم بوارەدا، هەر شتێک، کە ناسین و رەوایەتی و هەیمەنەی ئایدیا و دامەزراوەکانی پێکهێنەری دەوڵەت تووشی مەترسی بکات، ئەوە نیشاندەری بوونی هەرەشە و مەترسییە. بوونی هەرەشە لە بەشی سیاسیدا، دەتوانێت بکەر یان بونیادتەوەر بێت، واتە خاوەنی هۆکاری دەرەکی یان ناوخۆیی بێت و لە لایەکی ترەوە، سەرچاوەکەی لە ناوەرۆکی دەوڵەتەوە بێت(عباس زادە و کرمی، ١٣٩٠: ، صص، ٣١-٥٨). بۆ وێنە دەتوانین بڵێین، ئاراستە و لایەنگریی بیرۆکەکان لە سەدەی ٢٠دا، رەوایەتی سیاسی سیستەمە پاشایەتییەکان و ئاراستەکانی بیروهزر لە سەدەی ٢١ و رەوایەتی سیاسی رژێمە داخراوەکان، دەخاتە ژێر مەترسی و هەرەشەوە. ئەمانە خاڵە ئاماژەپێکراوەکانی هەرەشەی بونیادیین.

بە بڕوای باری بۆزان، هەرچە ندە هەرەشە و مەترسییە سیاسییەکان، هەمیشە بۆ دەوڵەت جێگەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانین، بەڵام دەستنیشانکردن و ناسینەوەیان بە بەراورد لەگەڵ هەرەشە و مەترسییە سەربازییەکان، زۆر ئەستەمە؛ بەو پێیەی کە خودی دەوڵەت وەکوو کیان و دامەزراوەیەکی سیاسی وایە، بۆیە هەرەشە سیاسییەکان بە ئامانجی ئاڵۆزکردنی ئەم کیانە، وەکوو هەرەشەیەکی سەربازی مەترسیدارن. ئەم هەرەشانەش دەتوانن لە رێگە یاخود بەشێوەی ململانێی ئایدیۆلۆژیاییەکان، یاخود هەرەشە بۆ سەر نەتەوە، بن. لێرەدا زۆر گرنگە کە جیاوازی دابنێین لە نێوان ئەو هەرەشە سیاسییانەی کە بە مەبەست و بە ئامانجن، لەگەڵ ئەو هەرەشە سیاسیانەی، کە بەهۆی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەڵتێرناتیڤی سیستەمە سیاسییەکان، کاریگەرییان لەسەر رەوایەتی سیستەم دەبێت (صالح عمر عیسی و پەرویز رەحیم قادر،٢٠٢٠، ب ، ل، ٧).

هەرەشەی سیاسی رووبەرووی سەقامگیری پێکهاتەی دەوڵەت دەبێتەوە. ئامانج لە هەرەشەیەش، لەوانەیە گووشار خستنەسەر حکومەت بێت لە پێوەندی لەگەڵ وەپێشگرتنی سیاسەتێکی تایبەت، یان ئەوەتا لەناوبرێت، بەرلەوەی هێرشی سەربازی بکرێتەسەر. ئایدیای دەوڵەت، بە تایبەتی شوناسی نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی نەتەوەیی، بریتین لە ئامانجی گشتی هەرەشەی سیاسی، چوونکە دەوڵەت بە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی دیاردەیەکی سیاسییە. هەڕەشەی سیاسی لەوانەیە بەقەد هەڕەشەی سەربازی بۆ دەوڵەت مەترسیدار بێت (بوزان، ١٤٠٠ ، ص ، ١٣٠).

لە روانگەیەکی ترەوە دەتوانین بڵێین، ئاسایشی سیاسی پەیوەندی بە ئاستی بەشداری سیاسی، رەوایەتی و ڕەزامەندی هاوڵاتییان لە دەسەڵات و بوونی دامەزراوە مەدەنییەکانەوە هەیە؛ وەکو پارتە سیاسییەکان. لە ئاسایشی سیاسیدا، پێداگری لەسەر سەقامگیری و جێگیربوونی دامەزراوەیی دەکرێت؛ بوونی کێشەی ناوخۆیی لە تەنیشت بوونی هەڕەشەی دەرەکی، ناسەقامگیری سیاسی درووستدەکات. هەروەها ئاسایشی سیاسی لە ئاستی ناوخۆییدا، پەیوەندی هەیە بە کارامەیی سیستەم بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکان و هەروەها شەرعییەتیشەوە. بەم پێیە، هەموو ئەو بابەت و کێشە و پرسانەی، کە پەیوەندییان بە ناسەقامگیری سیاسی و بەشدارینەکردنی هاوڵاتییان و نەبوونی ڕەوایەتییەوە هەیە، کاریگەرییان لە سەر ئاسایشی سیاسی هەیە و، بە گشتی کۆی رژێمی سیاسی و سیستەمی سیاسی دەخەنە مەترسییەوە (عباس زادە و کرمی، ١٣٩٠، صص، ٣١-٥٨).

### 4-1 ئاسایشی ئابووری

ئەندێشەی ئاسایشی ئابووری، بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سیاسەت دوورخراوتەوە و، هەر گوتار و ڕوانگەیەک بۆ ئاسایشی ئابووری، هەندێ لۆژیک و بابەتی لەپێشینە ڕەچاودەکەن. بۆ نموونە، بەپێی ئەو ناکۆکی و جیاوازی ڕوانگانە، لایەنگرانی قوتابخانەی مێرکانتیلیزم و نیومێرکانتیلیزم، بە لەپێش دانانی دەوڵەت و سیاسەت، دەوڵەت وەک سیمبول و دەرکەوتەی ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەچاو دەکەن، کە سەروەت و سامان دەبێت لە خزمەتی ئەواندا بن. وێڕای ئەوەی دەوڵەت وەک بەدیهێنەری ڕێکخەری ئاسایش بۆ چالاکی کۆمپانیا و بازاڕەکان دەزانن، بەڵام هەر هەنگاوێکیش کە ببێتە بەربەست و ڕێگر، ئەوا لە ڕوانگەی ئەوانەوە دژ بە ئاسایشی ئابوورییە. لیبراڵەکان بە لەپێش دانانی ئابووری، لە سەر ئەو باوەڕەن، کە دەبێت ئابووری وەک ڕیشەی کۆمەڵگە ڕەچاو بکەیت و، هەروەها پێویستە لە لایەن دەوڵەتەوە بەربەست بۆ بازاڕ درووست نەبێت، تا بازاڕ کاروباری خۆی جێبەجێ بکات. لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانە فیکرییەوە، ئامانجی سەرەکی ئاسایشی ئابووری، پەرەپێدانی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسایە، کە دەبنە هۆی چالاکبوونی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سۆسیالیستەکانیش، ئابووری وەک چوارچێوەی کۆمەڵگە ڕەچاو دەکەن، بەڵام لەسەر ئەم باوەڕەن کە دەوڵەت دەبێت بە دەستێوەردانەکانی خۆی لە ئابووریدا، هەنگاو بەرەو دوو ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی، واتە دادپەروەری و یەکسانی هەڵبگرێت.**(Buzan,1998, pp,95-99)** سۆشیالیستەکان لە سەر ئەو بڕوایەن، کە پێویستە ئاسایشی چینی کرێکار دژ بە سەرمایەداران گەرەنتی بکرێ.

ئەگەرچی ئەستەمە لە نێوان دوو ڕێبازی فیکریدا سنوور دابنێیت، بەڵام بە پێی ئەو باسانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، دەکرێت بەم دەرەنجامە بگەین، کە ئەندێشەی نەتەوەباوەڕی ئابووری **( Economic Nationalism)** واتە مێرکانتیلیزم و سۆسیالیزم، کە هەرکام بە ئارەزووی جۆراوجۆرەوە خوازیاری دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدایە، لەگەڵ ئابووری لیبراڵ لە بەرامبەر یەکدا وەستاوە و، هەر کام لە هەوڵی ئەوەدان، تا ڕوانگە و بۆچوونی خۆی داسەپێنێ. ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، بوو بە هۆی ئەوەی گوتاری لیبراڵی ئابووری لە پێگەیەکی بەرزتر دابنرێت و، بتوانێت ستراتێژییەکانی خۆی بەسەر ڕەهەندەکانی بازرگانی و بەرهەمهێنان و.....هتد، داسەپێنێت؛ بەڵام ئەم داسەپاندنە بەو مانایە نییە، کە ئابووری لیبراڵی توانای ئەوەی هەبووە، لایەنی بەرامبەری بە تەواوی شکست پێبهێنێت، بەڵکوو ڕکابەری و ململانێی ئەم دوو ڕوانگەیە بەردەوامە و، ئاڵنگاری بۆ ئابووری داسەپاو دەخوڵقێنێ. سەرەڕای ئەم بابەتە قەیراناوییە، بابەتێکی نوێ کە گوتاری زاڵی تووشی ململانێ و ناکۆکی کردووە، باسی ناسەقامگیری ئابووری و نایەکسانی ئابووری لە سیستەمی ئابووری نێودەوڵەتیدایە. ناسەقامگیری ئابووری، وێڕای ئەوەی دەبێتە هۆی داتەپینی ئابووری ڕێژەیی ئەمریکی و ئەورووپا، کە لە دەسەڵاتدارانی ئابووری جیهانن، هەروەها ئابووری وڵاتانی تریش، کە گرێدراو بە ئابووری لیبراڵی و بەشێکن لە ئابووری وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، تووشی کێشە و گرفت دەکات؛ هەروەها نایەکسانی ئابووری دەبێتە هۆی ناکۆکی فیکری و سیاسی لەنێوان ئەو وڵاتانەدا، بە جۆرێک کە هەرکام لە هەوڵی ئەوەدان ناکۆکییەکان بە لای خۆیان و لە بەرژەوەندی خۆیاندا، بشکێننەوە.

ئەگەرچی باری بۆزان ئاسایش بە سەر ٥ بەشدا دابەش دەکات و هەر بەشێک خاوەن یەکەی تایبەت بە خۆیە، بەڵام دەکرێت یەکەکانی هەر بەشێک وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە بەشەکانی تردا خۆیان دەربخەن. دەوڵەت لەبەرئەوەی لە هەموو بەشەکاندا خۆی دەنوێنێت، یەکەیەکی گرنگ و بەرچاوە. ئەگەرچی دەوڵەتەکان لە بەشی سیاسی - سەربازییدا ڕیشەیان داکوتاوە، بەڵام لە بەشی ئابووریدا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەک یەکەیەکی گرنگ ڕەچاودەکرێن و بە باوەڕی باری بۆزان بوجەی سەربازی بە بەشی ئاسایشی ئابوورییەوە گرێدراوە **(stone,2009, p,5)**.

## 5-1 ئاسایشی ژینگەیی

لە ساڵانی کۆتایی سەدەی ٢١دا، لە ڕوانگەی ڕێبەرانی سیاسی، بەرپرسانی دەوڵەتی، بیرمەندان و خاوەندارانی پیشەیی و تەنانەت شارومەندانیشەوە، بابەتە ژینگەییەکان پێگەیەکی بەرزیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە (بیلیس و اسمیت، ١٣٨٣، ص٥٧٠ ،). دەستنیشانکردنی پرس و بواری ئاسایشی ژینگەیی زۆر ئەستەمە. لەسەرەتادا، هەڕەشە ژینگەییەکان، بە تۆفان و بوومەلەرزە و کارەساتە سروشتییەکان دەردەکەون، کە لە توانا و کۆنترۆڵی مرۆڤدا نین؛ بەڵام هەڕەشە و مەترسییە ژینگەییەکان زیاتر بەرهەم و لێکەوتەی کار و چالاکی تێکدەرانەی مرۆڤن لەسەر گۆی زەوی . **(stone,2009, p, 6)**

بە بڕوای بۆزان، ئاسایشی ژینگەیی دوو ئەجێندای جیاوازی هەیە: ئەجێندایەکی زانستی **( agenda scientific)** و ئەجێندایەکی سیاسی **(agenda political)**؛ بەو واتایە، کە ئەم دوو ئەجێندایە پێکەوە بواری ژینگەیی بە ئەمنی نیشاندەدەن. ئەجێندای زانستی، بنەما و ژێرخانێکە بۆ بەئەمنیکردنی پرسی ژینگە؛ ئەجێندای سیاسیش، لەرێگەی دەوڵەتەوە ئەم بابەتە بە ئەمنی دەکات و، دواجار کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دەبێت و، لەهەمانکاتدا سەرچاوە و بەرنامە و سیاسەتی تایبەتیشی بۆ تەرخاندەکات (صالح عمر عیسی و پەرویز ڕەحیم قادر،٢٠٢٠، ل، ١٠١).

بەم پێیە، هەندێ لە لێکۆڵەران و ڕاڤەکاران، ئاسایشی ژینگەیی وەک ئاسایشی بنەمایی پێناسە دەکەن، بەڵام هەندێ لە کارناسان و پسپۆڕانی دیکەش، هێنانەئارای باسگەلێکی وەک ئابووری و ژینگە بە خراپکردنی مانای ڕاستەقینەی ئاسایش دادەنێن. گوتاری ئاسایشی ژینگەیی لە ساڵی ١٩٧٢ هاتەئاراوە. پرسە ژینگەییەکان لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دوو ڕێگە و بۆچوونیان لەبارەوە هەیە: ئەلف) لە لایەن پسپۆڕانەوە بەکار دەهێنرێن و، بەرپرسیاریەتی سەرەکی بە ئەمنیکردنی پرسە ژینگەییەکان لەسەر شانی ئەمانە. ب) پرسگەلێکی وەک کێشە و گرفتەکانی هاریکاری نێودەوڵەتی و پێکهێنانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت پێکهێنانی رژێمەکان، لەخۆدەگرێت. لەمڕووەوە دەکرێت بگەینە ئەم دەرەنجامە، کە پرسە پەیوەندیدارەکان بە ئاسایشی ژینگەیی، لە بەڵگەی زانستیدا بیچم دەگرن و، بەم پێیە، پرۆسەی بە ئەمنیکردن لەم بوارەدا، بە تەواوی بەندە بە زانست و لۆژیکەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە، ئەوەی لە بەشی ژینگەییدا دەبێتە هۆی بە ئەمنیکردنی دۆخەکە، ڕوودانی کارەساتەکە نییە، بەڵکوو پێشبینی ڕووداوەکەیە. باری بۆزان لەسەر ئەم باوەڕەیە، کە لە بەشی ژینگەییدا زیاتر لە بەشەکانیتر هەوڵ بۆ بە ئەمنیکردنی بابەتەکان دەدرێت، بەڵام وەک ئەو بەشانەی تر سەرکەوتوو نابێت؛ هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جێگیرنەبوونی گوتاری ژینگەیی لە باسە گشتییەکاندا (بوزان، ١٣٨٦، صص، ١١٦-١٢١) گرنگترین پرسەکان بۆ بە ئەمنیکردن بریتین لە: تێکدانی ئێکۆسیستەم، قەیرانی وزە، قەیرانی حەشیمەت(دانیشتوان)، کێشە و گرفتەکانی خواردەمەنی، کە بریتیین لە: هەژاری، برسێتی؛ کێشە مەدەنییەکان، کە بریتیین لە خەسارە ژینگەییەکان بە هۆی جەنگەوە **Buzan,1998, PP,71-75)**.

لەسەر ئاسایشی ژینگەیی یان بابەتە ئەمنییەکان، دوو ڕوانگەی گشتی هەن: یەکەم، ڕوانگەیەک کە ئاسایشی ژینگەیی بە بۆنەی خودی ژینگەوە بە گرنگ دەزانێ؛ دووەم، ڕوانگەیەک کە گرنگی دەدات بە ژینگە لە باری پەیوەندی و کاریگەرییەکەی لەسەر شارستانییەت. بە گشتی دەتوانین بڵێین، باسە ئاماژە پێدراوەکان لەسەر ئاسایشی ژینگە، پەیوەندییان بە کاریگەری ئەوان لەسەر پاراستنی ئاستی شارستانییەتە (مەبەست لە ئاستی شارستانییەت، هەر ئاستێک لە شارستانییەتە کە مرۆڤ پێیگەیشتووە)؛ کەواتە بە گشتی دەکرێت بڵێین ئاسایشی ژینگەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەر پاراستنی ژینگە و گۆی زەوی، وەک سەرەکیترین سیستەمی پشتیوانی چالاکییەکانی مرۆڤ. باری بۆزان لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە وێڕای ئەوەی ژینگە کاریگەری لەسەر سیاسەت دادەنێت، هاوکات و لە بەرامبەردا، سیاسەتیش کاریگەری بەرچاوی لەسەر گۆڕانکارییە ژینگەییەکان هەیە. ئەکتەرە کاریگەرەکان لە بەشی ژینگەییدا، دابەشی سەر دوو لق دەبن:١) ئەکتەرە پێشڕەوەکان، کە سوورن لەسەر چالاکییە کاریگەرە نێودەوڵەتییەکانی سەبارەت بە پرسی ژینگە. ئەم ئەکتەرگەلە بریتیین لە دەوڵەت و ڕێکخراوە چالاکەکانی بواری ژینگە. ٢) ئەکتەرانی ڤیتۆکەر: ئەو ئەکتەرگەلەی کە لە بە سیاسیکردن و ئەمنیکردنی بابەتە ژینگەییەکان، خەسار دەبینن؛ بۆیە هەوڵدەدەن بەرگری بکەن لە پێکهێنانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەئەمنیکردن؛ ئەکتەرەکان بریتین لە دەوڵەتەکان و کۆمپانیا ئابوورییە گەورەکان. ٣) ئەکتەرە خاوەن ڕۆڵەکان، کە چالاکییەکانیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەسەر کواڵیتی ژینگە هەیە؛ حکومەتەکان و کارگێڕەکانیان و، هەروەها هەندێ لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەو ئەکتەرانەن. **Buzan,1998, (PP, 71-75)**.

## ٢. مەترسییەکانی پەکەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان

### ٢.١ ئاسایشی سیاسی هەرێمی کوردستان

ئاسایش چەمکێکی دینامیک و خۆگونجێنەرە. تاکەکان، کۆمپانیاکان، دەوڵەتەکان و پسپۆڕانی بواری زانکۆ، بۆ ئامانجگەلی جۆراجۆر و لە بەستێنی (کۆنتێکست) جیاوازدا، کەڵک لەم چەمکە وەردەگرن (جعفری و ذولفقاری،١٣٩٣، ص، ٧٣). ئاسایشی سیاسی، بە سیمایەکی نەرمی ڕەوایەتی دەسەڵاتی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی بە ئەژمار دێت و، ئەو وڵاتانەی کە خاوەن ڕەوایەتی پێویست نەبن، ناتوانن سەقامگیر بن و بەردەوام بمێننەوە. لە ئاکامدا، بە هۆی ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی و یان دەستێوەردانی دەرەکی، دەڕووخێن و لەناو دەچن. بابەتێکی تر باسی ڕەوایەتی و خەڵکیبوونی دەسەڵاتە، کە دەوڵەتەکان جێگیر دەکات. بوونی دەزگای یاسادانان، دەسەڵاتی داد و دەوڵەتی سەربەخۆ و کارامەیە، کە دەتوانێت متمانەی خەڵک بەرەو لای حکومەت ڕابکێشێت و ڕەوایەتی پێببەخشێت. ( مشکینی و رضایی،١٣٩٢، ص، ٤٢). بەم پێیە، لێرەدا ئەو لایەنانەی دەخەینە ڕوو، کە لە لایەن پەکەکەوە یان بە هۆی بوونی پەکەکەوە، وەکو هەڕەشەیەک ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە:

#### ٢.١.١ چەواشەکردنی بەشداری سیاسی و ڕەوایەتی

لە هەرێمی کوردستاندا، داهەڵبژاردن لە ئاستی جۆراجۆردا بەڕێوەدەچێت. هەم دەوڵەت و هەم پەرلەمان لە ڕێگەی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. ئاستی بەشداری خەڵک لە زۆربەی هەڵبژاردنەکاندا، دەگاتە بەرزترین ئاست. لە ڕاستیدا دەکرێت ئاماژە بەم خاڵە بدەین، کە هەڵبژاردن هێمای ڕەوایەت بەخشین بە حکومەتی هەرێمە.

پەکەکە بۆ مەبەستی ئاسایشی سیاسی، بەردەوام بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران و... هتد، بە دوای ڕەواندنەوەی ڕەوایەتی هەرێمی کوردستانەوەیە. هەروەها بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەک ئەزموونێکی شکستهێنراو نیشانبدات؛ بەردەوام لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، پروپاگەندەی ئەم بابەتە دەکات، کە هەرێمی کوردستان تەنیا لە ڕێگەی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانییەوە بەڕێوەدەچێت و بەشداری سیاسی لە ئارادا نییە و، دواجار هەموو هەوڵەکانی خۆیان لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانیانەوە دەخەنە گەڕ، کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەستێوەردان بکەن و، کێشە بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم بخوڵقێنن. لە لایەکی تریشەوە، پەکەکە خۆی بە جێگرەوەی هەموو لایەن و پارتە کوردستانییەکان دەزانێت و لەپێناو بەرژەوەندییەکانیدا دەست بۆ هەموو جۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێک دەبات ( بارزانی، ٢٠٢٢، ل، ١٩٣).

**٢.١.٢ ئامانجی هەڕەشەکانی پەکەکە لەسەر ئاسایشی سیاسی هەرێم**

دەتوانین هەڕەشە نەرمەکانی پەکەکە (لە باری سیاسی و دەسەڵاتەوە) بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش بکەین:

**یەکەم: بێهێز نیشاندانی حکومەتی هەرێم**

بە درێژایی مێژوو، کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە چوار دەوری گیراوە و گووشاری هەمەلایەنەی لەسەر بووە؛ پەکەکە بەردەوام لەم هەلومەرجە کەڵکی خراپی وەرگرتووە و، هەوڵیداوە هەرێمی کوردستان بە لاواز نیشیان بدات و دواجار کاریگەری نەرێنی لەسەر زەینی تاکی کورد دابنێ؛ بۆ نموونە، پاش هەڵبژاردنەکانی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەکەکە لە ئەورووپا چەند کەسێکی کۆکردنەوە و پەرلەمانێکی بەناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان **(KNK)** دامەزراند. مەبەستی پەکەکە تەنیا کەمکردنەوەی قورسایی پەرلەمانی یاسایی و شەرعی کوردستان بوو و، دەستیان دایە پروپاگەندە دژی هەرێمی کوردستان. لەو دژایەتییەشدا، تیشکیان دەخستە سەر پارتی، چوونکە ئەوکات و دواتریش، پارتی بە کۆسپێکی گەورە ناو لێدەبرد (بارزانی، ٢٠٢٢، ل، ١٩٤). یان پەکەکە بەردەوام پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد، کە هەرێمی کوردستان، دیمۆکراتیک نییە، گەندڵ و بنەماڵەتەوەرە و..... هتد. ئەم کۆمەڵە بابەتە، دەکرێت وەک مەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە لایەن پەکەکەوە لێکبدرێنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها پەکەکە بە بێ گوێدان بەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵات و حیزبی سیاسی تایبەت هەیە، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکومەتی هەرێمەوە، دەستیدایە سازکردنی حیزبی جێگرەوە (ئاڵتێرناتیڤ) بۆ پارتی و یەکیەتی، کە هیچکامیشیان سەرکەوتوو نەبوون؛ بەڵام هەر لەو ڕێگایەوە هەوڵی ئاژاوەنانەوەی دەدا. لە نەورۆزی 1995، لە میانەی کۆنفرانسێکدا "یەکێتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان" **YNDK** لە لایەن ئەندامانی پەکەکەوە لە هەرێمی کوردستان دامەزرا. لەو کۆنفرانسەدا، کاوە عەلی ناسراو بە د. سیروان، بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرا. لە ڕۆژی 4ی ئۆکتۆبری ساڵی 1996، د. سیروان، لەنزیک گوندی "قەڵاچووغەی سەی کەریم"ی سەر بەناوچەی "ئاغجەلەر"، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، بە ناوەکانی حاجی قامشلۆیی، عەگید گەرمیانی، بابان و دیالن ماردینی، دەدرێنە بەر گولە و لە ئاکامدا گیانیان لە دەستدا (کولاهی، ٢٠١٨، ل، ١١٧).

**دووەم: پێچەوانەکردنەوەی هێما سەرەکییەکانی کورد**

لێرەدا ئاماژە بە هێماکان لە هەرێمی کوردستان دەدەین، کە چۆن پەکەکە هەوڵی ئەوە دەدات، هێما گرنگەکانی کوردستان پێچەوانە بکاتەوە و بیانشێوێنێ. بە دڵنیاییەوە زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، جگە لە پەکەکە، بە چەپ و ڕاست و ئیسلامییەوە، ئاڵای کورستان وەک ئاڵای هەرێمی کوردستان بە فەرمی دەناسن و، هەموان لە کاروباری سیاسیدا ئەم ئاڵایە بەکاردەهێنن؛ بەڵام پەکەکە و لقوپۆپەکانی، بە هیچ جۆرێک ئەم ئاڵایە بە فەرمی ناناسن و بەردەوام ڕەتیدەکەنەوە. لە ڕاستیدا پەکەکە پێیوایە، بە فەرمی ناسینی ئاڵای کوردستان بە مانای داماڵینی شوناسی سیاسی خۆیە و دەچێتە ژێر ڕکێفی پارتی و حکومەتی هەرێمەوە. بۆیە پەکەکە دژایەتی دەکات لەگەڵ ئاڵا و هێماکانی هەرێمی کوردستان و، لە بەرامبەردا ئاڵای حیزبی تایبەت بە خۆی لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو؛ (بڕوانە هاوڕێ ڕەش، ٢٠١٤) واتە وەک جێگرەوەی پارتی و هەرێمی کوردستان خۆی دەردەخات. ئەمە خۆی جۆرێکە لە هەڕەشە و مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی سیاسیی هەرێمی کوردستان، کە پەکەکە لە ڕێگەی هێما و سیمبۆلی سیاسیی خۆیەوە لە هەوڵی جێبەجێکردنیدایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم، هیلالی شیعی و پەکەکە و پرسی شەنگال**

دەستەواژەی (هیلالی شیعی) بۆ یەکەمجار لە زاری پاشای ئێستای ئۆردۆن (مەلیک عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن) لەساڵی ٢٠٠٤ دەربڕدرا. ئەم دەستەواژەیە لەوکاتە بەدواوە، لە لایەن سیاسییەکان و خەڵکانی تریشەوە بەکاردەبرێت. هۆکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە، شیعەی ناوچەکە بەستێتەوە بەیەکەوە و بیانکاتە ناوچەیەکی جوگرافی و جەماوەریی گەورە و خۆی سەرپەرشتیان بکات، هەتاکو ببنە بەرهەڵستکار و رکابەری وڵاتە سوننەکانی ناوچەکە، لە سەرووی هەمووشیانەوە سعودیا و وڵاتە عەرەبیەکانی کەنداو (حاجي یوسفي ، ١٣٨٨، صص، ١٥٩-١٩٢).

ئێران ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە، کە لە عێراقەوە خۆی بگەیەنێتە وڵاتانی تری وەک سوریا و لوبنان؛ بۆیە پێویستە رێگەیەکی زەمینی بۆ خۆی بکاتەوە، کە لەناو خاکی عێراقەوە بەرەو ڕۆخی دەریای سپی ناوەڕاست درێژ بێتەوە، تاکو دەستی یارمەتی بۆ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدی عەلەوی هاوپەیمانی درێژ بکات. هەروەها بتوانێت هەر سێ وڵاتی (ئێران، عێراق و سوریا) و دواتریش لوبنان، ببەستێت بە یەکەوە. لەم بوارەدا، ئێران بەو دەرەنجامە گەیشتووە، کە درووستکردنی ڕێگەیەکی لەمجۆرە بە ناوچە سوننەکانی خۆرئاوای عێراقدا ئەستەمە، هەربۆیەش بیری لە ڕێگەیەکی تر کردووەتەوە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، کە ڕۆڵی پەکەکە و یەپەگە لە بەرنامەکەی ئێراندا چییە؟ و چۆن ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەباری سیاسییەوە دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە؟ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی دەورووبەری شارۆچکەی شەنگال، کە لە نزیکی سنووری سوریا ڕوویان دا، بە ڕێکەوت نەبوون، بەڵکوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەم پیلانەی ئێرانەوە هەبوو؛ لەوێدا چەکدارانی ( یەکینەکانی پاراستنی گەل)، کە سەر بە پەکەکەن، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و قوربانی لێکەوتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی، کە تەنیا خۆیان لەوێدا باڵادەست بن و بتوانن ڕێگەیەکی ئەمین بۆ ئێرانییەکان دابین بکەن، تا لەودیوی سنوور، لە ڕێگەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە، خۆیان بگەیەننە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و یارمەتی بۆ بنێرن. لە لایەکی ترەوە، ساڵح موسلیم و حیزبەکەی، پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد هەبوو؛ لەم بوارەدا (ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی) ڕاپۆرتێکی دوور و درێژ بڵاودەکاتەوە، کە باس لەوە دەکات، "ئێران دەیەوێت لەناو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراقدا پیلانێک جێبەجێبکات، کە تەمەنی ٣٠ ساڵ دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی چەکدارانی یەپەگە و هەروەها میلیشیا شیعەکانی عێراق" ( بڕوانە ئەحمەد حەمە، عەزیز، ٢٠١٧).

**٢٠٢ ئاسایشی سەربازی هەرێمی کوردستان**

ڕادەی توانایی هەر وڵاتێک بەندە لە سەر هێز و چەک و تەقەمەنییەکان، کە دیاریکەری دەسەڵاتی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەییە. نزیکەی ٩٠ لە سەدی ناکۆکییە ناوخۆییەکان، قەیرانە ناوچەییەکان و بەگشتی توندووتیژییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووهەمەوە ڕوویانداوە، کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بووە (چونگ این مون، ١٣٨٨، ص، ١٤).

دەسەڵاتی سەربازی، وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەر وڵاتێک ڕەچاو دەکرێت و، لە وڵاتانی ناوچەدا، هەر وڵاتێک یان لایەنێکی سیاسی، کە دەسەڵاتی سەربازی زیاتری هەبێت، دەتوانێت مەترسی یان هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ درووست بکات، یان لانیکەم ببێتە کۆسپێک لەسەر ڕێگەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی وڵاتەکان. هەرێمی کوردستان بە سەرنجدان لەوەی مێژوویەکی کۆنی ئەوتۆی دەسەڵاتداری و بەڕێوبەری وڵاتی نییە، لە باری دەسەڵاتی سەربازییەوە لە ئاستێکی مامناوەندیدایە؛ لەباری شەڕی پارتیزانییەوە، هێزێکی زۆر پتەو و قایمی هەیە، ئەمە جگە لەوەی کە لە بواری دژە تیرۆریشدا، لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی، خاوەن میتۆدی تایبەت بە خۆیە.

هەرێمی کوردستان خاوەن هێزی زەریایی نییە و لە باری هێزی هەواییشەوە زۆر پتەو نییە؛ هێزە زەمینییەکانیشی قەتیس بوونەتەوە بۆ سەر ژمارەیەک تانک و تۆپ و خومپارە. سەرجەم هێزە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان نزیک بە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ هەزار کەسە. پرسیارێک کە لێرەدا دەخرێتە بەر باس ئەمەیە، داخوا چۆنە پەکەکە لە باری سەربازییەوە ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر مەترسییەوە؟ پەکەکە لە باری سەربازییەوە هێرش دەکاتە سەر ناوچە هەستیار و سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، کە دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان. لێرەدا بە وردی ئاماژە بە هەندێ لە ئامانجەکانی پەکەکە دەکەین:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢٠٢٠١ پەلکێشکردنی سوپای تورکیا بۆ داگیرکردنی هەرێمی کوردستان**

پەکەکە بە هێرشەکانی خۆی بە سەر تورکیا، لە هەوڵی ئەوەدایە، سوپای تورکیا بەرەو هەرێمی کوردستان ڕابکێشێت؛ بۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە خۆیان لە سنوور و گوندەکانی هەرێم نیشتەجێ دەکەن و دەیانەوێت تورکیا، کە یەکێک لە سوپا بەهێزەکانی ناوچەیە، ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بێتەوە و زیانی پێبگەیەنێت. بۆ نموونە، هێرش بۆ سەر چەمانکێ لە نۆڤامبێری ٢٠٢٠ لە لایەن پەکەکەوە، برینداربوونی پێشمەرگەیەکی لێکەوتەوە و ژمارێک پۆلیس لەوێدا بریندار بوون؛ یان هێرش بۆ سەر برادۆست لە ئایاری ٢٠٢١، کە زیانی مادی زۆری لێکەوتەوە. هەروەها لە ٢٠٢١دا، لە شارۆچکەی ئامێدێ (سەرێ ئامێدێ) و شارەدێی چەمانکێ پێنج پێشمەرگە شەهید کران. بۆیە پەکەکە هەوڵدەدات بە بەزاندنی سنوور و سەروەری خاکی هەرێم، ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە باری سەربازییەوە بخاتە ژێر مەترسییەوە.

**٢٠٢٠٢ خیانەتی پەکەکە لە پارتی**

لە ناوەڕاستەکانی دەیەی نەوەددا، پەکەکە بە یارمەتی یەکێتی، لەسەر لەناوبردنی پارتی ڕێککەوتبوو. ئەگەرچی متمانەشیان بە یەکتر نەبوو، بەڵام لەسەر دژایەتیکردنی پارتی هاودەندگ بوون(**Robert,1996, P,67**). چەندینجار بە شێوەی بەربڵاو، پەکەکە هێرشی کردە سەر بارەگاکانی پارتی. بەڵام پاش ماوەیەک پەکەکە هەواڵی بۆ پارتی نارد کە ئامادەن لەگەڵی کۆ ببنەوە و کێشە و پرسەکان چارەسەر بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش، ڕۆژی ٢٥ ئابی ١٩٩٥، جەمیل بایک ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکە سەردانی پارتی کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر نەرمونیانی لە پەکەکە نیشان دا و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئامادەن داواکانی پارتی جێبەجێ بکەن و هیچ کێشە و گرفتێک ساز نەکەن؛ بەڵام بە پێچەوانەی ئەمە، ڕێک خیانەتێک بوو، کە پەکەکە لە بەرواری ٢٥ ئابی ١٩٩٥دا، بە هێرشی سەربازی بۆ سەر پارتی، کۆتایی بە دانوستان هێنا. بەڵام بە بەرگری و خۆڕاگری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی پارتی، پەکەکەیان تێکشکاند و، خۆیان لە سەر سنوورەکانی بادینان شاردەوە و بە سەر مەفرەزەی بچووک و گەڕۆکدا، لەسەر سنوورەکان دابەش بوون (بارزانی،٢٠٢٢، ل، ٢٧٣-٢٧٥). ئەگەرچی ئەم ڕووداوە نمونەیەک بوو لە هەڕەشەکانی پەکەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و "دواتریش لە ساڵانی ١٩٩٧ پەکەکە بە یارمەتی یەکێتی هێرشیان کردە سەر خاڵێکی پێشمەرگەکانی پارتی لە مێحوەری قەسرێ"(بارزانی، ٢٠٢٢، ل، ٣٣٦).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢٠٢٠٣ گواستنەوەی گۆڕەپانی جەنگ**

پەکەکە لەم دواییانەدا، بە گواستنەوەی گۆڕەپانی جەنگ بۆ ناو هەرێمی کوردستان، بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە ٣٠٠ گوند بە هۆی شەڕی سەربازییەوە زیانی مادییان بەر بکەوێت و خەڵکەکەشی زیانی گیانی ببینن. لە لایەکی ترەوە، مینرێژکردنی ناوچە سنوورییەکان لە لایەن پەکەکەوە، بووەتە هۆی نائەمنکردنی گوند و کێڵگەو مەزراکانی و، بەتایبەتیش بووەتە هۆی چۆڵکردنی گوندەکان. بۆ نموونە، لە ساڵانی دواییدا لە پارێزگای دهۆک، نزیک بە ٣٠٠ گوند چۆڵکراون و هەندێ خەڵکی ئاسایی شەهید کراون؛ یان لە برادۆست نزیک بە ٢٥٠ گوند چۆڵکراون و نزیک بە ٣٠ گوند هەڕەشەی چۆڵکردنیان لە سەرە و، نزیکەی ٨٠ کەسیش شەهید کراون. بۆیە ئەم کاولکارییە سەربازییەی پەکەکە بووەتە هۆی ئەوەی ٨٠٠ گوند ئاوەدان نەکرێنەوە (ماڵپەڕی **k 24**، ٢٠٢١).

**٢٠٢٠٤ پرسی شەنگال لەباری سەربازییەوە**

پرسی شەنگال لە سەرەتای داگیرکارییەکانی داعشەوە، بەرەو قۆناغێکی نوێ تێپەڕی. هەروەک ئاگادارین، پاش ئەوەی داعش دەستی بە سەر شەنگالدا گرت و ململانێی نێوان پێشمەرگە و بە تایبەتی پارتی و داعش لەو ناوچە ڕوویدا، لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنی پێشمەرگە لە بەرانبەر داعشدا کۆتایی هات و "لە ڕۆژی ١٢ نۆڤێمبەری ٢٠١٥دا ئەو ناوچەیە لە داعش پاک کرایەوە"( بارزانی، ٢٠٢٠، ل، ٥٨). بەڵام پەکەکە بە هێزی سەربازییەوە، خۆی لەو ناوچەیە هەڵقورتاند و بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت بێدەنگی حکومەتی ناوەندی عێراق، درێژەی بە هەڵسوکەوتە دژبەرانەکەی خۆی لە بەرانبەر هەرێمی کوردستان دا. بە واتایەکی تر، پەکەکە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا، لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەم بابەتە بە قەناعەتی خەڵکی کوردستان بگەیەنێت کە ئەوە ئیمە بووین شەنگالمان لە بەرانبەر داعش ئازاد کرد نەک هێزی پێشمەرگە. پاش ماوەیەک کە هێزەکانی یەکینەی پاراستنی شەنگال (یەپەشە) لە لایەن پەکەکەوە وەک لقێک لە پەکەکە لە شەنگال سەقامگیر کران، ئەم ئەجێندایە لە لایەن پەکەکەوە جێگیر بوو. بۆیە چالاکی سەربازی بەربڵاوتری لە خۆ نیشان دا و ڕووبەرووی هێزی پێشمەرگە دەبووەوە. لەمبارەشەوە دەتوانین ئاماژە بەم بابەتە بدەین، کە پەکەکە بە یارمەتی حەشدی شەعبی، لە بەرانبەر پێشمەرگە دەوەستان و پێکەوە ناوچەی شەنگال نائەمن دەکەن. بۆیە ئەو نائارامییە سەربازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ترس و دڵەڕاوکێ و بێسەروبەرییەی، کە داعش لەو سنوورەدا خولقاندبووی، ئێستا حەشدی شەعبی و پەکەکە پێکەوە هەمان دۆخیان هێناوەتە ئاراوە. (بڕوانە هێمن ساڵح، ٢٠٢١)

**٢٠٢٠ پەکەکە و ڕاکێشانی حەشدی شەعبی بۆ شەڕی تورکیا**

بۆ ئەم بابەتە ئاماژە بە یەکێک لە هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا، لە قەزای شەنگال دەدەین. لەم ڕووداوەدا، ئۆتۆمبێلی کەسێک بە ناوی (مەڕوان بەدەل) کرایە ئامانج، کە میدیاکانی پەکەکە وەکوو سەرکردەیەکی خۆیان ناساندیان، بەڵام دواتر، شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی عێراقی، وەکوو سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی ناوی هێنا. بەپێی زانیاری سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، ماوەیەکی زۆر لە شەنگال، هێزەکانی حەشدی شەعبی، چەکدارانی پەکەکە بۆ مەبەست و مەرامی سیاسی و ئەجینداى تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن؛ پەکەکەش چەکدار و سەرکردەکانی خۆی تێکەڵ بە هێزەکانی حەشدی شەعبی کردووە؛ ئەمە جیا لەوەی کە زۆربەی چەکدارانی پەکەکە مووچەیان لەسەر هێزەکانی حەشدی شەعبیە.

لەمبارەیەوە، میدیای پەکەکە بڵاوی کردەوە، لە بۆردومانەکەی تورکیا لە شنگال، مەڕوان بەدەل، هاوسەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری شەنگال گیانی لەدەستداوە، بەڵام شانەی ڕاگەیاندنی عێراق، ناوبراوی وەکوو سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی ناساند.

شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی لە عێراق بڵاویکردەوە: "لە هێرشە ئاسمانییەکەی تورکیا لە قەزای شەنگال، بەرپرسێکی حەشدی شەعبی کراوەتە ئامانج، کە هاووڵاتییەکی عێراقیی ئێزدییە و خەڵکی کۆمەڵگای خانەسۆرە لە شنگال". بۆ ئەم مەبەستە چاودێرانی سیاسی لە سەر ئەو باوەڕەن، کە پەکەکە لە هەوڵی ئەوەدایە، حەشدی شەعبی بە شەڕی تورکیاوە گرێ بدات، بەڵام حەشد و پەکەکە هەردووکیان گرێدراوی وڵاتانی ئیقلیمین و، بۆیە بە بێ فەرمان، حەشد ناچێتە شەڕی تورکیاوە (بڕوانە هێمن ساڵح، ٢٠٢١).

لەمبارەوە، زۆربەی ئەندامانی سیاسی و پەرلەمانیی لە کوردستان و عێراق، ئاماژە بەم بابەتەی سەرەوە دەدەن؛ بۆ نموونە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، مەحما خەلیل باس لەوە دەکات کە حەشدی شەعبی لە شەنگال پشتیوانی لە پەکەکە دەکات و دەڵێت: "تەنانەت پێداویستیی سەربازیی و مووچەش لە حەشد وەردەگرن، کەواتە حکوومەتی عێراق مووچەی چەکدارانی پەکەکە لە شنگال

دابین دەکات" (بڕوانە ئاژانسی ئانادۆلۆ، ٢٠٢٠). بە گشتی ئامانجی پەکەکە لە باری سەربازییەوە، شەڕکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمە، تا بە نائەمنکردنی هەرێمی کوردستان، دەسکەوتەکانی بە فیڕۆ بدات و هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسایشی ئابووری و سیاسی و ژینگەیی و.... هتد خەڵک، پوچەڵ بکاتەوە.

**٢٠٣ ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان**

ئابووری گونجاو و ڕوو لە گەشە لە هەر ناوچە یان وڵاتێکدا، کاریگەری زۆر لە سەر حەسانەوەی گشتی یان ڕەزامەندی خەڵک لەو ناوچەیەدا هەیە. وڵاتگەلێک کە خاوەن ئابووری تاک بەرهەمین، ڕووبەڕووی کێشە و هەڵاوسانی زۆرن. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێک لە داهاتی نیشتمانی خۆی لە ڕێگەی نەوتەوە بەدەستدێنێت. لەم هەرێمەدا داهاتی سەرەکی، نەوتی خاوە، کە زۆربەی بوجەی هەرێم لە ڕێگەی فرۆشتنی ئەم بەرهەمەوە دابیندەکرێت. لە ساڵانی دواییدا، هەرێمی کوردستان لەگەڵ پترکردن و چڕکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتەکانی تورکیا، ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەت فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا، کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەی نەوتیشی بە شێوەی سەربەخۆ واژۆ کردووە و، کۆمەڵێک کومپانیای نەوتی هێناوەتە هەرێمی کوردستان، کە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە پەرەسەندن و گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان گێڕاوە؛ بۆیە تەنانەت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا و بە پێی گۆڕانکارییەکانی ناوچە و شەڕی ئۆکراین و ڕووسیا، لە هەوڵی ئەوەدان کە نەوت و گازی زیاتر بۆ ئەوروپا ڕەوانە بکەن. (مشکینی و رضایی، ١٣٩٢، أ ، ص ٤٢).

ئێستا دێینە سەر ئەم پرسیارە، کە پەکەکە چۆن ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر مەترسییەوە؟

پێش ئەوەی باس لە داهات و ئابووری پەکەکە بکەین، لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت بڵێین، کە بە هۆی ئەوەی پەکەکە وەک دۆستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سەیردەکرێت، بۆیە سوود لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی کۆماری ئیسلامی وەردەگرین، کە لەسەر داهاتی پەکەکە خستوویاننەتەڕوو.

**٢٠٣٠١ قاچاخی کاڵا**

پارتی کرێکارانی کوردستان لە باری ئابوورییەوە، بە شێوەی نافەرمی چالاکی دەکەن و، زیاترین ڕێژەی داهاتی حیزبی خۆیان لە ڕێگەی قاچاخەوە بەدەستدەهێنن. هەروەها بە پێی دەزگای هەواڵنێری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئابووری شاراوە، کە یەکێک لە دەزگا هەواڵنێرییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئاماژە دەدرێت بەوەی، کە قاچاخی جگەرە یەکێک لە سەرەکیترین داهاتەکانی پەکەکەیە.(بڕوانە نورتن، آسلان، ٢٠١٦). ئەم بابەتە دەرخەری ئەم پرسەیە، کە هەرێمی کوردستان یەکێک لە ڕێگاکانی پەکەکەیە بۆ دابینکردنی ئابوورییەکەی.

**٢٠٣٠٢ باجوەرگرتن لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان**

بە پێی دەزگای هەواڵنێری "تەسنیم"ی سەر بە کۆماری ئیسلامی، حیزبی کرێکارانی کوردستانی باکوور، بۆ دابینکردنی تێچووەکانی خۆیان، پارەی یەکجار زۆر لە کوردانی دانیشتووی ئەوروپا وەردەگرن. تەنانەت لە تەشکیلاتی سیاسی پەکەکەدا، کەسانێک هەن کە بە شێوەی فەرمی بەرپرسی وەرگرتنی پارە و باج لە سەر سنوورەکان لە کاسبکارانن و، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ قاچاخچییەکاندا هەیە. سەرچاوەکان ئاماژە بەمە دەدەن، کە پەکەکە لە ڕێگەی باجوەرگرتن لە سنوورەکان، نزیکەی بە ٥/٤ ملیار لیرە باج وەردەگرن. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٧ دا، لە هەندێ لە سەنگەرەکانی پەکەکە، نزیکەی ٩٢ هەزار دۆلاری ئەمریکی، ٨٤ هەزار یۆرۆ و ٤٢٠ هەزار لیرە دۆزراوەتەوە و جگە لەمانە، نزیکەی ٥/٥ میلیار لیرە مادەی هۆشبەر، ٤٤٠ ملیۆن لیرە جگەرەی قاچاخ، ٢٣ ملیۆن لیرە سوتەمەنی، لە شوێنە شاراوەکانی پەکەکەدا دۆزراوەتەوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨ دا، ٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی، ١٥٤ هەزار یۆرۆ و ١٤٥ هەزار لیرەی تورکیا پارەی نەخت و ٣ میلیار لیرە مادەی هۆشبەر و ١٤٧ میلیۆن لیرە جگەرە و ١٧ میلیۆن لیرە سوتەمەنی قاچاخ دۆزراوەتەوە. (گزارش تسنیم، ١٣٩٧)

**٢٠٣٠٢ تەقاندنەوەی لولە نەوتی و گازییەکان**

هەروەک ئاگادارین، یەکێک لە سەرچاوە گرنگە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان نەوتە. بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کومپانیا بیانییەکانەوە کاناڵی نەوتی زۆریان بۆ کێشاوە، کە زیاتر لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ ئەوروپا هەناردە دەکرێت. لە لایەکی تریشیەوە، پەکەکە بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ تورکیا کێشەی هەیە و حکومەتی هەرێمیش بە فەرمی ناناسێت، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدایە بەردەوام تەگەرە بخاتە بەردەم گواستنەوەی نەوت بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان. بۆیە بەردەوام لە هەوڵی تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتییەکانە. لەمبارەوە دەتوانین ئاماژە بە سێ جار تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتییەکانی هەرێم بکەین، کە بە باکوری کوردستاندا تێپەڕدەبن. (ڕاپۆرتی سیاسی زەمەن، ٢٠٢٠).

### ٢٠٤. ئاسایشی کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان

ڕەهەندی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بە مانای خوێندنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، شوناس و نۆرمەکانە(**Chena, 2008, P,32**) ئەمڕۆکە چیتر ئاسایشی نەتەوەیی لە باری سەربازییەوە قەتیس نابێتەوە. ئەمرۆکە نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مەترسییەک کە ڕووبەڕووی هاووڵاتیانە، گرنگترە لە ئاسایشی سەربازی؛ بۆ نموونە دابەزینی نرخی هیوا بە ژیان، یان سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیەک (طباطبایی و فتحی، ١٣٩٣، ص، ٣٢) ئەگەرچی بە گشتی ناکرێت هەرەشەی کۆمەڵایەتی لە هەڕەشەی سیاسی جیا بکرێتەوە.

لە ڕوانگەی باری بۆزانەوە، توانای کۆمەڵایەتی و کولتووری لە هەر وڵاتێکدا، دەتوانێت لە بەدیهێنانی ئاسایشی بەردەوامی ئەو وڵاتە کاریگەری هەبێت و، بەرگری لە هێرشی کولتووری بیانی بکات. کولتوور لە هەر وڵاتێکدا، ڕۆڵێکی سەرەکی لە هەیمەنەی نەتەوەیی ئەو وڵاتەدا دەگێڕێت. لە گرنگترین هۆکارەکانی کاریگەری کولتووری، میدیا و ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکانن، کە دەتوانن کولتوور و توانایی کۆمەڵایەتی وڵاتێک بەهێز بکەن. کولتووری هەر کۆمەڵگەیەک بە بنەمای شارستانیەتی ئەو کۆمەڵگەیە هەژمار دەکرێت و لە کاتی خەسارلێکەوتندا، ئەوا شوناس و شارستانیەتی ئەو کۆمەڵگەیە، خەسار دەبینێت. لە هەرێمی کوردستاندا، تایبەتمەندییە کولتوورییەکان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئایین و نەریتەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ناسیۆناڵیزمی کوردی پڕە لە شوناس و کولتوور و شارستانیەت، کە بە درێژایی مێژووی کوردستان باسی لێکراوە. ناسیۆنالیزمی کوردی بەردەوام هەوڵی درووستکردنی حکومەتی کوردی لە سەردا بووە. بۆیە باوەڕ و بەهاکانی ناسیۆنالیزم، بەردەوام بریتی بووە لە: دیموکراسی، ئازادی، دادپەروەری، ئازادی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕین. کولتوور لە هەرێمی کوردستاندا، بەردەوام باس لە باوەڕە مەزنەکانی وەک دەوڵەتی کوردی، لەخۆبردوویی، یەکڕیزی و یەکێتی کورد و کوردستان دەکات. لە باری دامودەزگای میدیاییەوە، هەرێمی کوردستان گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، کە لە خزمەت پەرەسەندنی کولتووری کوردستان و ئازادی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕیندا بووە.

### مەترسی ڕاگەیاندنەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندا

بە پێی گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیا و زانستی نوێ، ناکرێت ئاماژە بە کاریگەری ئەم ئیمکانیاتە لە سەر ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان نەکەین. بە لەبەرچاوگرتنی سنوورە سیاسییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و پەرەسەندنی پەیوەندی سایبێری لە دەیەکانی دواییدا و، گەشەی وشیاری تاکەکان لەسەر تێگەیشتن لە هەلومەرجی جیهان، میدیاکان و ئینتێرنێت و.... هتد، لە سەردەمی هاوچەرخدا، کاریگەرییان لە سەر وڵاتەکان داناوە و توانایی ئەوەیان هەبووە کە کاریگەری لە سەر زەینی تاکەکان لەوپەڕی سنوورەکانەوە دابنێن و بە دڵخوازی خۆیان شوناسی سیاسی و کولتووریان بگۆڕن؛ تەنانەت توانای ئەوەی هەبووە کە بزووتنەوەی سیاسی لەپێوەندی لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیان، بەدیبێنن (فکوهی و آموسی،١٣٨٨، ص، ٥٣). لەمبارەوە پارتی کرێکارانی کوردستان، یەکێک لەو حیزبە سیاسییانەی کوردستانە، کە بە بەراورد لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دیکە لە چوار پارچەی کوردستان، خاوەن زیاترین دامودەزگایی میدیایی و ڕاگەیاندنە. پەکەکە لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە، بووەتە هۆی بیچمگرتنی گوتارێکی ڕەخنەگرانە لە هەرێمی کوردستان، کە خۆی وەک دەمڕاست و کوێخای هەموو خەڵکی کوردستان پێناسە دەکات.

دامەزراندنی کۆمەڵێک دەزگای ڕاگەیاندن، وەک: ڕۆژنامەی وڵات، ناوەندی ڕووناکبیرانی میزۆپۆتامیا و دەفتەری **MEDTV**، هەموویان جۆرێکن لە هەڕەشەی کۆمەڵایەتی بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم کارانەی پەکەکە دژ بە پارتی دەوەستانەوە، بەتایبەتی لە کاتی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا. لەمبارەوە لایەنگرییەکی تەواو لە لایەن دامودەزگاکانی پەکەکەوە بۆ یەکێتی، بە دژی پارتی لە ئارادا بوو، کە هەر ئەمە دواتر، لە ساڵی ١٩٩٥دا، بوو بە هۆی شەڕی نێوان پەکەکە و پارتی دیموکراتی کوردستان. واتە پەکەکە بە فەرمی بوو بە لایەنێک لە شەڕی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و دژی پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەم بەرەیە لە شەڕ، واتە یەکێتی و پەکەکە، دەستی ئێرانیشیان لە پشت بوو، کە بە تەمای سڕینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. لێرەدا دەردەکەوێ کە هاندەری سەرەکی بۆ هاتنی ئەرتەشی تورکیە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، کردەوەکانی پەکەکە، دژ بە پارتی لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا، بوون. لەم سەروبەندەدا، پەکەکە هەموو وزەی خۆی لە هەرێمی کوردستان دژی پارتی خستە گەڕ؛ ئەرتەشی تورکیاش ئەمەی بە قازانجی خۆی قۆستەوە و شەڕ دژی پەکەکەی گواستەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان. کەوابوو ئەو شەڕەی کە دژی پارتی ڕاگەیەندرا و ئەرتەشی تورکیاش دەستێوەردانی کرد، باکگراوندێکی هەیە؛ ئەو شەڕە لە لایەن پەکەکەوە تیۆریزە کراوە و دواییش هەر لە لایەن پەکەکەوە بە کردەیی کرا. ویستی ئۆجەلان بۆ داگیرکردنی زاخۆ و دهۆک، ناوزەدکردنی پارتی وەك خائین، دامەزراندنی حیزبی سیاسی لە ژێر دەسەڵاتی پارتی و پڕۆپاگاندا دژی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارتی لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا، لایەنە شاراوەکانی ئەو شەڕەن، کە بە ئەنقەست بە سەریاندا باز دەدرێ و دەڵێن ئەرتەشی تورک بە یارمەتی پارتی هات بۆ سەرکوتی پەکەکە.

دامەزراندنی **MEDTV** لە ساڵی ١٩٩٥دا، کە وەک یەکەمین تەلەڤیزیۆنی فەزایی کوردیی، گەورەترین دەسکەوتی پەکەکە لەو ساڵانەدایە. ئەم تەلەڤیزیۆنە بوو بە هۆی ئەوەی کە پەکەکە بتوانێ بە ئاسانی پەل بۆ ناو هەموو کوردانی دنیا بهاوێ و ئایدۆلۆژیی خۆی بەرێتە ناو هەموو کوردانەوە. ئەم تەلەفزیۆنە، ڕووناکبیر و سیاسەتقان و چالاکانی لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە دەوری خۆیدا کۆکردەوە. بەڵام دواتر بە هۆی ئەوەی کە پەکەکە لە ڕێگەی ئەم تەلەفزیۆنەوە دژایەتیی لایەنەکانی کوردستانی دەستپێکرد و تەنیا دژی تورکیە و هەرێمی کوردستان بەرنامەکانی بڵاودەکردەوە و، سووریە و ئێران لەناو ئەو دژایەتییەدا دیار نەبوون و ناوێکیان لێ نەدەبرا، بەرە بەرە خەڵک لە میدیاکانی پەکەکە کشایەوە. هەر لە ساڵی ١٩٩٥دا، یەکێک لە هەوڵەکانی دیکەی پەکەکە بە مەبەستی پەلهاویشتن بۆ پارچەکانی دیکە، دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بوو، کە بە هۆی بەرچاوتەنگی و زاڵبوونی ئایدۆلۆژیی پەکەکە، ئەو پەرلەمانە کە لە بنەڕەتدا بۆ پرۆپاگاندای پەکەکە دامەزرابوو، نەیتوانی لە ناو پارچەکانی دیکەدا ڕەنگدانەوەی هەبێ و لە ساڵی ١٩٩٩دا هەڵوەشایەوە ( کولاهی، ٢٠١٨، ل، ٢٢٣).

بۆیە بوونی کۆمەڵێک تیڤی لە لایەن پەکەکەوە، خزمەت دەکات بە پەرەسەندنی گوتاری ئەوان. جگە لەمانە، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و تۆڕی کۆمەڵایەتی هەن، کە ئەرکی گەشەسەندنی گوتاری پەکەکە لەسەر شانیانە. لە ڕاستیدا، ئامانجی پەکەکە دەوڵەتی کوردی نییە، بەڵکوو خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیکە. پەکەکە لەوانەیە دژ بە هەموو کولتووری هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە بەها باوەڕپێکراوەکانی خەڵکی کورد، بووەستێتەوە و خۆی بە دەمڕاستی خەڵکی چوارپارچە بناسێنێت؛ بۆیە بەردەوام بە ئەجێندای خۆیەوە هەوڵدەدات کە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت و کاریگەری کولتووری خۆی بە سەریاندا زاڵ بکات. بۆ ئەم مەبەستەش، بەردەوام ڕەخنە لە ناسیۆنالیزمی کوردی و ئاڵای کوردستان و ڕێبەرانی پێشووی کورد، بۆ نمونە قازی موحەمەد و مەلا مستەفا بارزانی و... هتد، دەگرێت و، لە جیاتی ئەوان، ئاڵای تایبەت بە خۆیان و ئاپۆ و خۆبەڕێوبەری دیموکڕاتیک پێشنیار دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی میدیا و ئەنجومەنە دەسەمۆکانی خۆیان لە حکومەت، ئەم ئامانجە دەپێکێت. ئەم خاڵە ئاماژە پێدراوانە، وەک تایبەتمەندی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هەرێمی کوردستان پێناسە دەکرێن. لەمڕووەوە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی یەکەکەوە بەردەوام لە مەترسیدایە و، یەکەکە لە هەوڵی ڕووخاندنی بەها و شوناسی لە مێژینەی خەڵکی کوردە، کە هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی دەکات.

لە لایەکی ترەوە، یەکەکە هەوڵدەدات بە شێوازێکی تریش ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێم بخاتە ژێر مەترسییەوە. بۆ نموونە لە هەوڵی ئەوەدایە، چەواشەی ئەم بابەتە بکات، کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە و، بۆ ئەم نەبەستەش بەردەوام لە میدیاکانیدا ئاماژە بەوە دەدات کە ئازادی ڕادەربڕین و ئایین، بە تایبەتی، لە هەرێم پێشێلدەکرێن. بۆیە بۆ هەڕەشە خستنە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێم، هەوڵدەدات ئیزدییەکان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت، تا وای نیشان بدات کە ئەوە ئەوانن پشتیوانی ئیزدییەکانی شەنگالن و مافی ئایینی ئەوان دەپارێزین. هەروەها لە سەر ئەو بابەتە کار دەکەن کە بڵێن، ئێمە وەک ئێزدی کورد نین.

### ٢٠٥ ئاسایشی ژینگە هەرێمی کوردستان

سەرچاوەی سرووشتی بە کۆمەڵێک توخم و تایبەتمەندی دەوترێت، کە بە شێوەیەکی سرووشتی و لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ، لە سنووری جوگرافیا و ژینگەی هەر یەکەیەکی سیاسی، دەدۆزرێتەوە. سەرچاوەی سرووشتی وەک ئاو و نەوت، دەتوانن ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکان بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. (مشکینی و رضایی، ١٣٩٢، ب ، ص، ٢٩).

یەکێک لە تایبەتمەندییە کاریگەرەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، کە دەبێت سەرنجی بخرێتەسەر، ژینگەیە، کە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بە کەمی سەرنج خراوەتەسەری، لە کاتێکدا کە ئاسایشی نەتەوەیی ئەوانی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەو کۆمەڵە هۆکارە پەیوەندیدارانە بە ژینگە، کە ئاسایشی وڵاتەکان و هەروەها هەرێمی کوردستانیش دەخەنە ژێر کاریگەرییەوە، بەمشێوەیەن:

- تێکچوونی ئێکۆسیستەم؛ بریتییە لە ئاو و هەوا، لەناوچوونی فرەچەشنی ژینگەیی، لەناوچوونی دارستانەکان، لەناوچوونی ئۆزۆن.
- کێشە و گرفتی وزە؛ بریتییە لە خاڵیبوونەوەی سەرچاوە سرووشتییەکان، وەک ئەو دارستانانەی کە سووتەمەنی مسۆگەر دەکەن. (بوزان ١٣٨٦ ،ص، ١٢٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەک پێشتر لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێداوە، لە روانگەی باری بۆزانەوە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دادەنێ، ئاسایشی ژینگەیە. سەرچاوە سرووشتییەکان لە هەر وڵاتێکدا خاوەن گرنگی تایبەت بە خۆیانن. سەرچاوە سرووشتییەکان لە هەر وڵاتێکدا، بریتیین لە سەرچاوەی ئاو، دارستان و سەرچاوە نەوتییەکان. هەبوون یان نەبوونی ئەم سەرچاوەگەلە، کاریگەری لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت. ئاو لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ژینگەیە. لە ڕاستیدا بۆ پەرەپێدان و گەشەی وڵاتێک، ئاو گرنگییەکی زۆری هەیە.

لە هەرێمی کوردستاندا، ئاو و هەوای خۆش و زەمینی بە برەو و دارستانگەلی پڕ و گونجاو دەبینرێن. هەروەها باران و بەفری پتر، بە هۆی کوێستانی بوونی ناوچەی کوردستانەوە، بوونی هەیە و، کێشەیەک لەمبارەوە نییە. بەڵام کاری پاشەکەوتکردنی ئاو لەم ناوچەیەدا بە باشی جێبەجێنەکراوە و لە ئێستادا، حکومەت بڕیاری درووستکردنی زیاترین بەنداوی داوە. هەندێ ئاوی هەرێمی کوردستان، لە وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران (ڕووباری سیروان) و تورکیا (ڕووباری دیجلە و فوڕات) دابیندەکرێت. ئەم گرێدراوییەی ئاوییەی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت کۆمەڵێک کێشە بۆ هەرێمی کوردستان ساز بکات. کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا بە درووستکردنی بەنداو لەسەر ڕێگەی ئاوی ڕووبارەکان، ڕادەی ئاوی پێویست بۆ هەرێمی کوردستانیان کەمکردووەتەوە و، هەندێجار وەک ئامرازی ستراتێژیک بە کاردەهێنرێت، کە هەندێکجار تا بەستنی ئاوی بەنداوەکان دەچنە پێشەوە.

لە لایەکی ترەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان، لەبەرئەوەی حیزبێکی شۆڕشگێر و ڕادیکاڵە و خاوەن سەرزەوی سیاسی نییە و لە شاخدا دەژی، ناکرێت بڵێین خاوەن کیانێکی سیاسین، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی سیاسییە، کە بەردەوام لە شاخەوە بۆ شار لە هاتووچۆدایە. بۆیە ناکرێت بڵێین پەکەکە خاوەن ئاو یان سەرچاوەی نەوتییە. بەڵام بابەتەکە هەر ئەمە نییە. باس لە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانە، کە لە ڕێگەی داگیرکەرانەوە دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. پەکەکەش لێرە وەک ئامرازی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانێت ئاسایشی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر مەترسییەوە. ( صالح عمر عیسی و پرویز ڕحیم قادر، ٢٠٢٠: ل، ١١٩)

بە ئەمنی کردنی پرسی ژینگە لە لایەن پەکەکەوە:

یەکەم: خاڵیکی تر کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە لایەن پەکەکەوە دەخاتە ژێر مەترسییەوە، پرسی شەڕی سەربازیی پەکەکە لەگەڵ تورکیایە؛ لە ڕاستیدا پەکەکە بە نیشتەجێبوون لە گوندە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، تورکیا هاندەدات کە هێرشی سەربازی بکەنە سەری؛ ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دارستان و ژینگەی هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە و خەساری بەرکەوێ.

دووەم: ئەم نانەوەی شەڕ و ئاژاوەیە، جگە لەم خاڵانەی سەرەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوند و لادێکان بە هۆی مینرێژکردن و ئەمنیبوونەوە چۆڵ بکرێن و، تەنانەت خەساری گەورەی ئابووریشی لەرووی ئاژەڵداری و کشتوکاڵییەوەی لێبکەوێتەوە.

بە گشتی، ئەمە وەک کرداری داگیرکەران، کە چەندین دەرنجامی ئەرێنی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، لە ڕێگەی پەکەکەوە جێبەجێدەکرێت؛ بۆیە، یەکەم: ژینگەی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هێرشی سەربازییەوە، دەکەوێتە مەترسییەوە؛ واتە سووتاندن و بۆمبارانکردنی دارستانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی لەناوبردنی پەکەکە (لە لایەن تورکیاوە)، دەبێتە هۆی لەناوبردنی ژینگەی کوردستان. دووەم: ئاوی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەستنی بەنداوەکان لە لایەن داگیرکەرانەوە، کەمدەبێتەوە. داگیرکەران، بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، پەکەکە وەک ئامرازی سیاسی خۆی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد لە کوردستان و، هەروەها لاوازکردنی هەرێمی کوردستان، بەکاردەهێنێت. لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستە، واتە هەر کات هەرێمی کوردستان ڕێگری بکات لە سیاسەتەکانی پەکەکە، ئەوا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت بۆ نموونە لە ڕێگەی بەستنی بەنداوەکان، گووشار بخاتە سەر حکومەت و خەڵکی کوردستان؛ کەوابوو ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین، مەترسی و هەڕەشەکانی ژینگەی کوردستان لە لایەن پەکەکەوە، لە دوو سەرچاوەوە سەرهەڵدەدەن:

یەکەم: ئەو هێرشانەی، کە لە لایەن تورکیاوە بۆ سەر پەکەکە، لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوودەدەن.

دووەم: هێرشەکانی پەکەکە بۆ سەر خەڵکی سیڤیل و حکومەت و بە تایبەتی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی، کە دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و، لە ئەنجامدا ژینگەی کوردستان تووشی زیان دەبێت؛ بۆ نموونە، دارستانەکان بوردومان دەکرێت و دەسووتێنرێن و دواجار خەسار بە ژینگە دەگەیەنرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەمڕووەوە بە گوێرەی باری بۆزان، کە باس لە بابەتی ئاسایشی ژینگەیی دەکات، ئەمجۆرە هەڵسوکەوتەی پەکەکە، دەچێتە چوارچێوەی مەترسی لەسەر ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان (صالح عمر عیسی و پرویز ڕحیم قادر، ٢٠٢٠: ل، ١١).

## دەرەنجام

لە ڕابردوودا، پێشمەرجی ئاسایشی نەتەوەیی پاراستنی سنوورەکانی وڵات لە بەرانبەر هێرشی بیانییەکان بووە و، تایبەتمەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، لەمبارەوە پێناسە دەکران، بەڵام ئەمڕۆکە چەمکی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی زۆر بەربڵاوترە و خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی نوێیە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، بە تەواوی باسی جۆرەکانی ئاسایش لە ڕوانگەی باری بۆزانەوە کراوە و، چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئاسایش، کە ئەمڕۆکە هەموو وڵاتەکان دەخەنە مەترسییەوە، تاوتوێ کراون. لە ڕاستیدا، ئاسایشی سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، لە ڕوانگەی باری بۆزانەوە، لە سەر هەڕەشەکانی پەکەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان جێبەجێکراوە، کە دواجار گەیشتین بەو ئەنجامەی، پەکەکە هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

بۆیە لێرەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە، لە روانگەی باری بۆزانەوە، لێکۆڵینەوە لە پرسی کاریگەری پارتی کرێکارانی کوردستان( پەکەکە)، بکرێ. بە پێی روانگەی تیۆری باری بۆزان، ئاڵنگاری و مەترسییەکانی سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە دەردەخەن، کە ئاسایشی هەرێمەکە، لە هەر پێنج بواری سیاسی، سەربازی، ژینگەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، لەژێر مەترسیدایە. بۆیە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە، لە روانگەی ناوبراوەوە، باس لەو هەڕەشانە کرا، کە لە لایەن پەکەکەوە لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە ئارادان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:


1- بارزانی، مەسعوود (٢٠٢٠)، بۆ مێژوو، چاپی سێهەم، چاپخانەی ڕۆکسانا.

2- بارزانی، مەسعوود (٢٠٢٢). بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد: ڕاپەرین، دەرفەت و ئاستەنگەکان، بەرگی پێنجەم.

3- صالح عمر عیسی، و پرویز ڕحیم قادر (٢٠٢٠)، أ ، پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان - عێراق لە ڕوانگەی باری بوزان لە دوای ٢٠١٧. گۆڤاری قەڵای زانست، هەولێر، ژمارەی **issn 2518- 6566** .

4- صالح عمر عیسی، و پرویز ڕحیم قادر (٢٠٢٠)، ب ، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان -عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، هەولێر، **issn 2518-6566.**

5- کولاهی، جەمیل (٢٠١٨)، پرۆژیەک بۆ سڕینەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، (لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ئایدیا و مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان)

6- Barry, Buzan (2007), People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, ECPR Press; 2nd edition.

7- Buzan, B., Wæver, O. and DE Wilde, J, (1998). Security: A new framework for analysis. Lynne Reiner Publishers.

8- Chena, S. (2008). L' E Cope De Copenhagen Relations Internationals, in Revue Asylon, No. 4.

9- John, B., Steve, S. and Patricia, O, (2011). The globalization of world politics: an introduction to international relations.

10- Marianne STONE, (2009) Security According to Buzan: A Comprehensive Security Analysis, Sciences Po –Paris, France. Columbia University, School of International and Public Affairs –New York, USA. SECURITY DISCUSSION PAPERS SERIES 1.

11- McDonald, Mat (2008), Securitization and the Construction of Security, European Journal of International Relations, 14(4).

12- Olson, Robert. W (ed), (1996), The Kurdish nationalist movement in the 1990s: its impact on Turkey and the Middle East. University Press of Kentuck.

13- آزر، ادوارد ای.(١٣٧٩). امنیت ملی در جهان سوم، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

14- بوزان، باری (١٣٨٦). چهارچوبی تازه برای تحلیل امنیت، تهران، پژوهشکده مطالعات راهبردی.

15- بوزان، باری (١٤٠٠)، مردم، دولتها و هراس، ترجمه پژوهشکده مطالعات راهبردی، تهران: پژوهشکده مطالعات راهبردی.

16- جان، بيليس و اسميت، استيو (١٣٨٣)، جهانی شدن سياست: روابط بين الملل در عصر نوين، ترجمه ابوالقاسم راه چمنی و ديگران. تهران موسسه فرهنگی مطالعات و تحقيقات بين المللی ابرار معاصر تهران، جلد اول.
17- جعفری، علی اکبر، ذولفقاری، وحيد (١٣٩٣). امنيت ملی و توسعه پايدار: پارادايم پساواشنگتنی و حکمروائی خوب، فصلنامه سياست جهانی، دوره سوم، شماره سوم، نسخه پاييز.
18- چونگ اين مون، ادوارد آزر،امنيت ملی در کشورهای جهان سوم، ترجمه: پژوهشکده مطالعات راهبردی، تهران نشر: پژوهشکده مطالعات راهبردی ،١٣٨٨.
19- حاجي يوسفي اميرمحمد(١٣٨٨)، "هلال شيعي؛ فرصت ها و تهديدها براي جمهوري اسلامي ايران، اعراب و آمريكا." نشريه دانش سياسی، بهار و تابستان، دوره ٥ ، شماره ١.
20- ڕاپۆرتی **k** 24، (گواستنەوەی گۆڕەپانی جەنگ لە لایەن پەکەکەوە بۆ ناو حکومەتی هەرێم) ٢٠٢١، **https://youtu.be/379kDcjZ8kE?t=3, Retrieved 5/12/2022**
21- ڕاپۆرتی سیاسی زەمەن، (پەکەکە بەرپرسیاریەتی خۆی لە تەقاندنەوەی بۆری نەوتی ڕاگەیاند)، ٢٠٢٠، **https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=35458,Retrieved 15/12/2022**
22- طباطبايی، محمد جواد، فتحی، سيد محمد (١٣٩٣). تحول مفهوم امنيت در ناتو پس از جنگ سرد بر اساس مکتب کپنهاگ، فصلنامه مطالعات راهبردی جهانی شدن، سال پنجم شماره چهاردهم.
23- عباس زاده، هادی و کرمی، کامران (١٣٩٠)، سرمايه اجتماعی و امنيت ملی پايدار، تهران فصلنامه مطالعات راهبردی، سال چهارم، شماره اول.
24- فکوهی، ناصر و آموسی، مجنون. (١٣٨٨). هويت ملی و هويت قومی در کردستان، مطالعه موردی معيشت اقتصادی و تعلق های هويتی نزد جوانان شاغل در اقتصاد غير رسمی پيرانشهر، فصلنامه پژوهش جوانان، فرهنگ و جامعه، شماره 5، بهار و تابستان.
25- گزارش تسنيم، (تلاش ترکيه برای خشکاندن منابع مالی پ.ک.ک)،١٣٩٧، **https://www.tasnimnews.com/fa/news/1397/07/22/1852314/%DA%AF%D8%B2%D8%A7%D8%B1%D8%B4-%D8%AA%D8%B3%D9%86%DB%8C%D9%85-%D8%AA%D9%84%D8%A7%D8%B4-%D8%AA%D8%B1%DA%A9%DB%8C%D9%87-%D8%A8%D8%B1%D8%A7%DB%8C-%D8%AE%D8%B4%DA%A9%D8%A7%D9%86%D8%AF%D9%86-%D9%85%D9%86%D8%A7%D8%A8%D8%B9-%D9%85%D8%A7%D9%84%DB%8C-%D9%BE-%DA%A9-%DA%A9-%D8%B2%DB%8C%D8%A7%D9%86-500%D9%85%DB%8C%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%B1%D8%AF-%D8%AF%D9%84%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%DB%8C,Retrieved 10/12/2022/.**

26- نصری مشکینی، قدیر و رضایی، داود (١٣٩٢). أ ، امکانسنجی استقلال اقلیم کردستان عراق و تاثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه امنیت پژوهی ، زمستان، شماره 44، سال دوازدهم.
27- نصری مشکینی، قدیر و رضایی، داود (١٣٩٢). ب، امکانسنجی استقلال اقلیم کردستان عراق و تاثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه امنیت پژوهی ، زمستان، شماره 44، سال دوازدهم.
28- نورتن، آسلان، (درآمدپ.ک.ک از طریق قاچاق)، ٢٠١٦،
**https://www.aa.com.tr/fa/%D8%AA%D8%B1%DA%A9%DB%8C%D9%87/%D8%AF%D8%B1%D8%A2%D9%85%D8%AF-%DA%A9%D9%84%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D8%B1%D9%88%D8%B1%DB%8C%D8%B3%D8%AA-%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D9%BE%DA%A9%DA%A9-%D8%A7%D8%B2-%D8%B7%D8%B1%DB%8C%D9%82-%D9%82%D8%A7%DA%86%D8%A7%D9%82-%D9%85%D9%88%D8%A7%D8%AF%D9%85%D8%AE%D8%AF%D8%B1/715859, Retrieved 22/12/2022**
29- هاورێ، ڕەش، (پەکەکە بۆ ئاڵای کوردستان هەڵ نادا؟) ، ٢٠١٤، **(kurdistanpost.nu) !**، **30/11/2022**
30- هێمن،ساڵح،( شەنگال نائارامە، پەکەکە و حەشدی شەعبی شوێنی داعشیان گرتووەتەوە)، ٢٠٢١، **https://www.basnews.com/so/babat/728354 , Retrieved 15/12/2022**
31- ئاژانسی ئانادۆلۆ، (وتووێژ لەگەڵ مەحەما خەلیل)، ٢٠٢٠،
**https://www.aa.com.tr/ks/%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%DB%95%D8%AA/%D9%85%D9%87-%D8%AD%D9%85%D8%A7-%D8%AE%D9%87-%D9%84%DB%8C%D9%84-%D8%AD%DB%95%D8%B4%D8%AF%DB%8C-%D8%B4%DB%95%D8%B9%D8%A8%DB%8C-%D9%84%DB%95-%D8%B4%D9%86%DA%AF%D8%A7%D9%84-%D9%BE%D8%B4%D8%AA%DB%8C%D9%88%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%84%DB%95-%D9%BE%DB%95%DA%A9%DB%95%DA%A9%DB%95-%D8%AF%DB%95%DA%A9%D8%A7%D8%AA/2592177, Retrieved 16/12/2022**
32- ئەحمەد حەمە، عەزیز،٢٠١٧، **http://www.zamand.net/1/12/2022 Retrieved**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Adapting Barry Buzan's theory to the impact of PKK on Kurdistan regional government's security

**Haidar Yasin Mohammad**
Department of political Science College of political Science -Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, region. Iraq.
**hayder.mohammed@su.edu.krd**

**P. Dr. Salih Omar Issa**
Department of political Science College of political Science -Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, region. Iraq.
**salih.issa@su.edu.krd**

## Abstract
The Position of security among states is so critical that they call it the highest policy in international politics. After the Cold War, Barry Buzan believed that security issues could not be interpreted from the same perspective. Because security has previously been defined from a narrow perspective and only the military dimension has been paid attention to. Buzan and his colleagues therefore believed that post-Cold War changes and many other objective circumstances no longer made one-dimensional security useful for interpretation; On the contrary, security must be viewed in a multidimensional way. Therefore, they invented the concept of multidimensional security and insisted that military security alone does not mean security, but four other dimensions such as political, economic, social and environmental are important. The importance and purpose of this discussion is due to the security of the Kurdistan Region as an entity that is trying to achieve security for citizens. Therefore, according to the descriptive-analytical method, the main question of the research is the role of the PKK and its impact on the security of the Kurdistan Region? Considering the history of the Kurdistan Regional Government (KRG) to date, we can say that the PKK has had a negative impact on the security of the Kurdistan Region. This negativity is due to the fact that the PKK does not only affect the security of the region militarily,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨ ) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

but also threatens various areas such as economic, political, social and environmental.

## تأثيرات (پ. ك. ك.) على امن إقليم كردستان و تحليلها حسب نظرية باري بوزان

**ملخص:**

إن للأمن مكانة هامة لدى الدول، بدرجة تُعد بمثابة السياسة العُليا في السياسة الدولية. يعتقد باري بوزان أنه بعد الحرب الباردة من غير الإمكان تفسير القضايا المتعلقة بالأمن بنفس منظور السابق، وذلك لأن الأمن كان محصوراً في إطار منظور ظيق ألا وهو البُعد العسكري فحسب.

لذا رأتى بوزان و زملائه أن التغييرات الحاصلة بعد الحرب الباردة مع وقائع موضوعية آخرى ، أدت إلى عدم أهلية التفسير ذو البُعد الواحد، بل على نقيض ذلك إذ يجب النظر الى الأمن من منظور متعدد الأبعاد، ولهذا أتوا بمفهوم الأمن المتعدد الأبعاد و أصروا على أن الأمن العسكري لايعكس مفهوم الأمن بمعناه الصحيح، بل هناك أربعة أبعاد أخرى وهي كل من البعد السياسي، الاقتصادي، الاجتماعي، البيئي.

إن أهمية و الهدف من هذا الموضوع هي كونه يتعلق بقطاع أمن إقليم كوردستان ككيان يعمل جاهداً لضمان أمن مواطنيه. من هنا ومن خلال النظرية الوصفية ـ التحليلية نثير التساؤل الرئيسي للبحث ألا وهو "ماهو دور حزب العمال (پ. ک. ک.) وتأثيره على أمن إقليم كوردستان؟" حيث نستطيع القول أنه مع أخذ تأريخ تأسيس حكومة إقليم كوردستان بنظر الاعتبار، كان لحزب العمل تأثيراً سلبياً على أمن إقليم كوردستان وتعود سلبية هذا التأثير الى ان حزب العمال لايؤثر في الجانب العسكري على أمن إقليم كوردستان فحسب، بل يثمل جوانب مختلفة أخرى كالجانب الاقتصادي، السياسي، الاجتماعي، والبيئي أيضاً ويشكل خطراً على هذه الجوانب.